
پەیامی تاهیر مەحموودی، ئەندامی...
٤


تۆمەت مەدەن لەم ڕێژیمە!
٥


ئابووری، کولتوور و مودیرییەتی ...
٩


١٠ی خاکەلێوە لووتکەی فیداکاری...
١٠


ئیسلامخوازانی دوای مەشرووتە لە ئێران
١١


دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٢٦، شەممە، ١٦ی خاکەلێوەی ١٣٩٣، ٥ی ئاوریلی ٢٠١٤، ٥٠٠تمەن

www.kurdistanmedia.com


## نامەی پیرۆزبایی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بۆ پارتی ئاشتی و دێموکراسی

بەڕێز: هاوسەرۆکی پارتی ئاشتی و دێموکراسی (B.D.P)
وێڕای سڵاو!
خۆشحاڵین بە سەرکەوتنی حیزبەکەتان لە کێبڕکێی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی کوردستانی باکوور.
هیوادارین ئەو سەرکەوتنە یارمەتیدەر بێ بۆ سەرکەوتنی ئاشتیی یەکجارەکی لە وڵاتی تورکیە لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە بە تایبەت، خوشك و برا کوردەکانمان لەو بەشەی کوردستاندا.
بەو بۆنەوە بە ناوی دەفتەری سیاسیی حیزبمانەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان و لە ڕێگای ئێوەشەوە بە هەموو کاندیدا سەرکەوتووەکان و بەگشتی بە حیزبەکەتان ڕادەگەیەنین.
سەرکەوتنتان لە ڕێگای خزمەت بە گەل و نیشتمان بە ئاوات دەخوازین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی

## پەیڤ

کەیهان یووسفی

### شەهید

بەرزایی لوتکەکانی دڵی مێژوو شوێنی گەورە مرۆڤانێکە کە جەبری چارەنووسی خۆیانیان بە پێکۆڵ کێشاوە و خۆیان سترانی چارەنووسیان بە چەشنێکی دیکە وتوەتەوە.گەورە مرۆڤانێك کە هێرشیان کردۆتەوە سەر مەرگ، گەیشتوونەتە لوتکەی کامڵبوون و پشکۆی مرۆڤایەتیان وەکوو دیاری بە درای مێژوو بەخشیوە. هەرمانانێك کە نە تۆزی زەمەن و نە مەرگ توانایویانە کۆتایی بە ژیانیان بهێنن. ئەوان زیندووترین زیندووەکانن و لە سەر بلیندای مێژوو بۆ هەمیشە هەرمانن.

شەهید پیرۆزترین چەمك لە لای هەر نەتەوەیەك و بەتایبەت نەتەوەی کوردە. شەهید مەزن مرۆڤێکە کە تێگەیشتبوو ژیان واتای چۆن بژییەوە و نەك چەندە بژی و ژیان لەلای ئەو لە مانابەخشیدا پێناسە دەکرێت. چۆن و بۆ چی زیندوو ماون؟

شەهید خوازیاری هەقیقەتە. هەقیقەت لە تێڕوانینی ئەوەوە عەداڵەت و هەستانەوە لە بەرانبەری بێدادگەرییە. شەهید هەستاوە و ڕاپەڕیوە دژی زوڵم و سەرەڕۆیی. شەهید لە جینسی خەڵك، بۆ خەڵك و گیانفیدای خەڵك بووە.

ئەو هەرمانە. خۆشەویستیی نەوەیەك لە دوای یەکەکانی نەتەوەیەکە. مێژووی نەتەوە ژێر دەستەکان دەڵێتەوە. شەهید هێمای زیندووبوونی نەتەوەیەکە.

١٠ی خاکە لێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستانە. ساڵرۆژی لە سێدارەدانی وانەبێژانی رووناکی قازی محەممەد، گەورەپیاوی مێژووی کورد و هاوڕێیانی. ڕۆژێك کە بە پێچەوانەی خەیاڵی نێردراوانی تاریکی، تەناف و دار نەك نەیانتوانی قازی لەنێو ببەن و لە زەینەکانا بیسڕنەوە، بەڵکوو ئەویان بۆ هەمیشە لە یادەکاندا هەرمان کرد. قازی بوو بە هێمای شەهیدانی نەتەوەی کورد و هێمای هەستانەوە و بەرخودان و نەسرەوتنی ئەم نەتەوە.

قازی، بوو بە هێمای ئازادیخوازی و هەمیشە ئازادیخواز بوون. ئەو شەهیدی گەل و شەهید مانابەخشی دەستەواژە لەبیرکراوەکانە. ئەو ڕادەپەڕێت، دەچێتە پێشوازیی مەرگ و مەرگ لە ئامێز دەگرێت تا جارێکی دیکە مانایەکی نوێ بە مرۆڤایەتی بدات.

شەهید ئەفسانەی مەرگ بە پێکۆڵ دەکێشێت و مەرگ لە بەرانبەر ئیرادەی پۆلاینیدا بە چۆکدا دێت. ئەو مرۆڤێکی ڕاستبێژ و ڕاست کردارە، لە ڕێگای ئارمانجەکانیدا لە خۆبردوویی و ئەمەگناسی دەگەیەنێتە سەر لوتکەی خۆی. شەهید هەقیقەت و هەقیقەت خودی شەهیدە و باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕیگایانە.

# کوردستان چەپکەگوڵی وەفاداریی لەسەر گڵکۆی شەهیدان دانا




خەڵکی کوردستان لە ٦٧ەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێکانی، ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، یادی ئەوان و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سەربەستییان بەرز نرخاند و لەگەڵ ئامانجە بەرزەکانیان پەیمانیان نوێ کردەوە.

هەر بەم بۆنەوە سەرلەبەیانیی ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٣ لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێوڕەسمێك بە بەشداریی "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بنەماڵەی شەهیدان، ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکان و میوانەکان بەڕێوەچوو.

ئەم ڕێوڕەسمە بە ڕێژەی سەربازی بەرەو گڵکۆی شەهیدان و پێشکەشکردنی سروود لەلایەن پێشمەرگەکان و پاشانیش دانانی چەپکەگوڵی لەسەر گڵکۆی شەهیدان لەلایەن سکرتێری حیزب و خاتوو زەینەب پەیرەوان، خوشکی شەهید "عێزەت پەیرەوان" دەستی پێکرد.

پاشان لە هۆڵی فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزبدا پیشانگایەك لە وێنەی شەهیدان لەلایەن بەڕێز مستەفا هیجری و خاتوو ولیَ جەلالی خوشکی شەهید "ستار جەلالی"یەوە کرایەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمەدا کە لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبدا بەڕێوەچوو، سرودی نەتەوەیی و چرکەیەك وەستان بە بێدەنگی، تاهیر مەحموودی ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی کومیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزب، بەم بۆنەوە پەیامێکی پێشکەش کرد.

بەڕێز مەحموودی لە پەیامەکەیدا گوتی: "یەکێك لەو وانە پڕبایەخ و گرینگانەی کە پێشەوای مەزنمان بۆمانی بەجێهێشتووە و دەبێ بەردەوام لێی فێر بین و شانازیی پێوە بکەین، خۆڕاگری و سەربەرزیی پێشەوا و پارێزگاری کردن لە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کوردە".

بەڕێزیان هەروەها هاوکات لەگەڵ ڕێزگرتن لە گیانبازیی شەهیدە سەربەرزەکانی کوردستان، ڕۆڵی گرینگی ڕۆڵەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و هەروەها حیزب و ڕێکخراوەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانی کە لە ڕەوتی خەباتی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان دژی ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا، بە پێشکەشکردنی گیانی کۆمەڵێك لە کادر و پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکانیان پشتیوانییان لە جووڵانەوەی ڕەوای نەتەوەی کورد کرد، بە شایانی پێزانین و بەرز نرخاند و گوتی: "خەڵکی کوردستان و خەباتگێڕەکانی حیزب، تاك بە تاکی شەهیدەکان بە کەسوکاری خۆیان دەزانن و شەهیدەکانمان تەنیا ڕۆڵەی بنەماڵەکانیان نین، بەڵکوو ڕۆڵەی نەتەوەی کوردن".

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی لاوان، خوێندکاران و ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن شەماڵ تەرغیبی، ئەندامی بەڕێوەریی یەکیەتیی خوێندکارانەوە خوێندرایەوە.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا، پەیامی حیزبی شیوعیی کوردستان بەم بۆنەوە لەلایەن ئەبووتارا، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبەوە خوێندرایەوە.

هەروەها کۆمەڵێك پەیامیش لەلایەن حیزب و ڕێکخراوەکانەوە بەم بۆنەوە بۆ بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمەکە نێردرابوو.

دەقی پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بە بۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە لاپەڕەی ٤ی ئەم ژمارەی ڕۆژنامەدا دانراوە.

## پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان به بۆنەی ١٠ی خاکەلیوه

له ساڵیادی له سێدارەدانی پێشەوا قازی مەحەممەد دا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان سڵاوی بۆ گیانی پاکی قازی محەممەد نارد و ڕایگەیاند، لەم یادەدا پەیامی ئاشتی و ڕەوایەتیی دۆزی گەلەکەمان دووپات دەکەینەوە و گەلی کورد به هیوایەکی زۆر مەزنتر سەیری داهاتوو دەکات. له ساڵیادی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد سڵاو بۆ گیانی پاکیی قازی و گشت شەهیدانی ڕێگای ئازادی دەنێرین.مەرگ و فیداکاریی پێشەوا قازی له پێناو بەردەوامیی خەباتی گەلی کورد بوو. لەسێدارەدانی قازی و هاوڕێیانی هەستی کوردایەتی و ئازادیخوازی له ناخی تاکی کورددا بەهێزتر کرد. لەم یادەدا پەیامی ئاشتی و ڕەوایەتیی دۆزی گەلەکەمان دووپات دەکەینەوە.

## مستەفا هیجری لەگەڵ ژمارەیەک له بنەماڵەی شەهیدان کۆبووەوە



ڕێکەوتی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٣ی هەتاوی، مەستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ژمارەیەك له بنەماڵەی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان کۆبووەوە.مستەفا هیجری لەو کۆبوونەوەیەدا خۆشحاڵیی خۆی له دیداری بنەماڵەی شەهیدان دەربڕی و لەسەر دۆخی هەنووکەیی کوردستان و نزیك بوونەوە ڕزگاریی یەکجاریی نەتەوەکەمان لەو بەشە له کوردستان قسەی کرد و وتی: ئێمە دەبێ هەموو ڕۆژێك وەکوو ڕۆژی شەهیدان بزانین چونکه هەموو ڕۆژێکی ساڵ نەبووە که ڕۆڵە خابەتکارەکانی کورد خوێنیان لەسەر خاکی ئەو نیشتمانه نەڕێژرێ و ئەوەش ئێمە دێنێتە سەر ئەو بڕوایە که هەتا وەدیهاتنی ئامانجی شەهیدەکانمان درێژه دەری ڕێگایان بین. هیجری وتی: ئازادبوونی بەشێکی کوردستان و مسۆگەربوونی مافی کوردان له چەندین بەشی دیکەی کوردستان و شادبوونی هاوونیشتمانیانی کورد لەو بەشانە به مافەکانیان، جێگای دڵخۆشییە بۆ هەموو نەتەوەی کورد و بەتایبەت ئێمەی کوردی ئێران. سکرتێری گشتیی حیزب له بەشێکی‌دیکەی قسەکانیدا وتی: له بەشێکی دیکەی کوردستان که ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەسەڵاتی بەسەردا زاڵە، نەتەوەی کورد هێشتا دەچەوسێتەوە و هەنووکە به زەبر و زەنگ و توندتر کردنەوەی گوشارەکان بۆسەر هاووڵاتییان و چالاکان، ترسی خۆی له ڕووخان دەردەخا.

## پەیامی حیزبی شیوعیی کوردستان به بۆنەی ١٠ی خاکەلیوه

بۆ بەڕێز: دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
پاش سڵاوی گەرمی خەبات و تێکۆشان

بەڕێزان! وەك لای هەموو لایەکمان ڕوونە، ئەمڕۆ "٦٧" ساڵ به سەر لەسێدارەدانی سەرۆکی یەکەمین کۆماری کوردستان، "قازی محەممەد" و هاوڕێکانیدا تێپەڕ دەبێت، که لەلایەن ڕێژیمی لەگۆڕنراوی پاشایەتی ئێرانەوە لەسێدارە دران. یاد و بیرەوەریی ئەم ڕۆژە بۆ هەموو لایەکمان زیاتر له مانایەکی هەیە، جگە لەلایەنی ماتەمینی و دڵتەنگی، وەك یەکێکە له یاد و بیروەرییە تاڵەکانی، هاوکات به درێژایی ئەم "٦٧" ساڵە بووەتە یەکێك له هۆکار و پاڵنەرە گرنگ و کاریگەر و بنەڕەتییەکان له قۆناغەکانی تێکۆشانی رابردووی بزووتنەوەی نەتەوەیی و نیشتمانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەردەوامبوونی له پێناو بەدەستهێنان و بەرجەستەکردنی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان.

خۆشەویستان، ئەمڕۆش که یادی لەسێدارەدانی سەرکردە و تێکۆشەران، "قازی محەممەد" و هەڤاڵەکانی دەکەینەوە، ئێمە له حیزبی شیوعیی کوردستان، وێڕای ڕێزگرتن و سەردانەواندنمان بۆ ئەم یادە، جەخت لەوە دەکەینەوە که تێکۆشانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و نیشتمانی له هەر چوارپارچەی کوردستان به گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی، پێشکەوتنی بەرچاوی به خۆوە بینیوە و بەردەوامیش له پێشکەوتنی ئەرێنی، ئەمەش وامان لێدەخوازێ بەجیددی بیر له یەکدەنگی و یەکڕیزی و یەکخستنی ناوماڵی کوردی و کوردستان بکەینەوە، وەك هۆکار و چوارچێوەیەکی بابەتی له پێناو بەدەست هێنانی مافە نەتەوەیی و نیشتمانیەکەمان، به شێوەیەکی ئاشتی و دێموکراتییانە.

دووپاتی دەکەینەوە ئێمە له حیزبی شیوعیی کوردستان، پشتگیری و هاریکاریی تێکۆشانی گەلەکەمان له هەر چوارپارچەی کوردستان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت دەکەین، دژی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەکی نەتەوایەتی و نیشتمانی و بێ‌ماف کردن و هێرش و پەلامارێکین بۆ سەر ناسنامە و شوناسی کوردبوون و ئازادیخوازان و دێموکراسیخوازان. شکۆدار بێت یاد و بیرەوەری "٦٨" ساڵەی لەسێدارەدانی قازی محەممەد و هەڤاڵەکانی، بێتە دی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان.

حیزبی شیوعیی کوردستان
مەکتەبی سیاسی
٢٠١٤/٠٣/٣٠

## سەردانی ئەندامانی حیزب له بلژیک له گڵکۆی شەهیدانی ڕێبەر له پاریس و خاتوو نەسرین قاسملوو

ڕێکەوتی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٣ی هەتاوی، شاندێکیی هاوبەشی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران له وڵاتی بلژیك و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان دانیشتووی وڵاتی بلژیك، به مەبەستی بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی سەر بەرزی کوردستان، سەردانی گۆڕستانی پێرلاشیزیان له شاری پاریس پایتەختی وڵاتی فەڕانسە کرد.پاشان بەشداران سەردانی خاتوو نەسرین قاسملوویان کرد و دەستەگوڵی ڕێز و وەفایان پێشکەش کرد.نەسرین قاسملوو، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی لەو سەردانە لەو ڕۆژە مێژووییەدا لەلایەن ڕێبوارانی ڕێگای دوکتور قاسملوو دەربڕی و سەبارەت به ئامانجی بەرزی شەهیدان قسەی کرد که گیانی خۆیانیان له پێناویدا فیدا کردووە هیوای وەدیهاتنی ئامانجی شەهیدانی خواست.

## ڕێوڕەسمێک بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدان لەیۆتوبۆریی وڵاتی سوێد بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ١٠ی خاکەلێوە، به بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران له یۆتۆبۆری به هاوکاریی یەکیەتیی کوردان و ABFی ئەو شارە ڕێوڕەسمێك به بەشداریی ژمارەیەك له بنەماڵەی شەهیدان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەرانی لایەنەکان، بەڕێوەچوو. ئەو ڕێوڕەسمە به خوێندنی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێك بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن له گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد. دواتر پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران له یۆتۆبۆری، خوێندرایەوە و پاشان پەیامی کۆمیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی کورد و کوردستان پێشکەش کرا. له بڕگەی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەکدا "دوکتور گوڵموراد مورادی" سەبارەت به کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد،بۆ بەشداران قسەی کرد. له کۆتایی ئەو ڕێوڕەسمەدا کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران له یۆتۆبۆری، چەپکەگوڵی ڕێز و ئەمەگداریی پێشکەش به بنەماڵەی شەهیدانی بەشدار لەو ڕێوڕەسمەدا کرد.هەروەها ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان به بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو له ئەندامانی حیزب له شارەکانی ڤێستروس، ئوریبرۆ، ئێسکیلستونا و فاڵون وڵاتی سوید بەڕێوەچووە

## سیمینارێک به بۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان له وڵاتی فینلاند بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ٩ی خاکەلێوەی ١٣٩٣ی هەتاوی سیمینارێك بۆ "عەبدوڵڵا حیجاب" چالاك و شارەزای سیاسی، بەبۆنەی یادی شەهیدان به بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو له هاووڵاتییانی کوردی دانێشتووی وڵاتی فینلاند له شاری تورکوو بەڕێوەچوو.ئەو سیمینارە به سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن له گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و بەتایبەتی شەهیدانی ١٠ی خاکەلێوە دەستی پێ کرد.پاشان پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ فینلاند، خوێندرایەوە. هەروەها پەیامی کۆمیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییەکان له فینلاند، خوێندرایەوە.پاشان "عەبدوڵڵا حیجاب" بابەتەکەی خۆی پێشکەش کرد.

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی رۆژی شەهیدانی کوردستان له شاری کەمبریجی کانادا

ڕێکەوتی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٣ی هەتاوی، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ ڕۆژهەڵاتی کانادا،کۆڕیادێکی به بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، به بەشداریی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، نوێنەری حیزب و ڕێکخراوەکان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات له شاری کەمبریجی کانادا بەڕێوەبرد.سەرەتای ڕێوڕەسمەکە به خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێك بێ دەنگی بۆ ڕێزلێنان له گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. دواتر پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ ڕۆژهەڵاتی کانادا، لەلایەن "شەهین فەیزی"، خوشکی شەهیدی نەمر "عەتا فەیزی"، پێشکەش کرا.پاشان پەیامی نوێنەری حیزب و ڕێکخراوەکان، خوێندرانەوە. له بەشی دیکەی ئەم کۆڕیادە، فیلمێك لەسەر ژیاننامە، کەسایەتی و وەسیەتنامەی پێشەوا پیشان درا.له نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکەدا چەندین هۆنراوە، له پێوەندی لەگەڵ ڕۆژی شەهیدان، لەلایەن پێشکەشکاری بەرنامەوە خوێندرانەوە.

## ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان له سویس بەرز راگیرا

ڕێکەوتی ٩ی خاکەلێوەی ١٣٩٣ی هەتاوی، ڕێورەسمی ڕۆژی شەهیدان له وڵاتی سویس، به خوێندنی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێك بێ‌دەنگی بۆ ڕێزگرتن له گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد و دواتر پەیامی هاوبەشی کۆمیتەی پارتی سوسیالیستی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان له وڵاتی سویس خوێندرایەوە.پاشان پەیامی کۆمیتەی یەکیەتیی لاوان له وڵاتی سویس پێشکەش کرا و دوابه دوای ئەوەش "رەحیم محەممەدی" وتارێکی لەسەر دۆخی ئێستا و داهاتووی کوردستان و کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد پێشکەش کرد.

## سمینارێک به بۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان له شاری "برێمن"ی ئاڵمان بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ١٠ی خاکەلێوەی ، کۆمەڵەی هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی کوردستان له شاری برێمن له وڵاتی ئاڵمان سمینارێکی به بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، به بەشداریی کوردانی هەرچوار بەشی کوردستان بەڕێوەبرد. ئەو سمینارە بۆ "شەهریار نەقشبەندی" له حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، "هاوڕێ جەبار" له یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، "مەروان سلێمان" له پارتی یەکیەتیی کورد له سووریە و "بایرام ئەیاز" له پارتی دێموکراتی کوردستانی ـ باکوور، له دوو تەوەردا بەڕێوەچوو.کۆماری کوردستان، کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد و کاریگەریی ئەو ڕێبەرە له بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان و هەروەها ١٠ی خاکەلێوە، کۆمەڵە بابەتێك بوون لەو سمینارەدا باسیان لێوە کرا.

## ڕێوڕەسمێک بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان له هۆڵەند بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ١٠ی خاکەلێوەی، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ هولەند به هاوکاریی پارتی دێموکراتی کوردستان لیژنەی هولەند، ڕێوڕەسمێکیان بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان له بارەگای پارتی له شاری ئامستردام بەڕێوەبرد.ئەو ڕێوڕەسمە به خوێندنی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێك بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن له گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێ کرد.له سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمەدا "عومەر زاوێتەیی" بەرپرسی پارتی دێموکراتی کوردستان لیژنەی هولەند لەسەر کەسایەتیی پێشەوا و کۆماری کوردستان و ڕۆڵی بارزانی لەو کۆمارەدا قسەی کرد و دوابه دوای ئەوەش "جەعفەر مەردانبەگی" بەرپرسی کۆمیتەی حیزب له هولەند وتارێکی بەو بۆنەوە پێشکەش کرد.پاشان "سالار قەرەداخی" مێژووزان و لێکۆڵەر، سەبارەت به مێژووی کۆمار و ئامانجەکانی و هەروەها شەهیدبوونی پێشەوا بۆ بەشداران دوا.

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئـێران**

## ئەندامانی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە نێوخۆی وڵاتدا چالاکی تەبلیغییان بەڕێوەبرد

بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێبوارانی ڕێگای پێشەوا قازی محەممەد، بە بڵاوکردنەوەی سی‌دی، تراکت و پووستێری تایبەتی کومیسیۆنی تەشکیلات و جێ سویچیی تایبەت بە شەهیدانی ڕێبەر،هەڵکرانی ئاڵای کوردستان،ناردەنی لوحی تایبەت بۆ بنەماڵەی شەهیدان، یادی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستانیان لە شار و گوند و ناوچەکانی کوردستانی ئێراندا بەرز ڕاگرت. هەروەها ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە خاوێن‌کردنەوەی گڵکۆی شەهیدانی ڕێبەر پێشەوا قازی، سەدری قازی و سەیفی قازی بە ئاوی گوڵاو و گوڵباران کردنی مەزارەکەیان و چاندنی گوڵ ، ئەمەگ و وەفادارییی خۆیان لەگەڵ ڕێبازی ئەو شەهیدانە دووپات کردەوە.بۆ خوێندنەوەی زیاتری هەواڵەکان سەردانی سایتی'کوردستان میدیا" بکەن.لیرە دا تەنیا ئاماژە بە ناوی شارەکان دەکەین، بریتیتن لە: مەریوان، سنە،بۆکان، مەهاباد، دیواندەرە و ورمێ.

## هەڵەی پزیشکی گیانی هاوڵاتییەکی کوردی لە سەڵماس ستاند

ژنێکی کورد بەناوی "جورجیا ئەتمانی" کچی فەتحوڵڵا دانیشتووی گوندی "زوولا"ی سەربە شارستانی سەڵماس کە بەهۆی تێکچوونی باری تەندروستیی ڕەوانەی نەخۆشخانە کرابوو، بەهۆی هەڵەی پزیشکیی نەخۆشخانەی سەڵماس گیانی لە دەست دا. ئەو ژنە کوردە بەهۆی ئاژنینی دەرزیی هەڵە لەلایەن پزیشکی نەخۆشخانەی سەڵماسەوە، باردۆخی تەندروستیی خرابتر بووە و لە ئەنجامدا گیانی لە دەست داوە. ئەو ژنە پاش ئەوەی کە دەرزیی هەڵەی لێ دەدرێ، بنەماڵە و کەس و کاری ویستوویانە ناوبراو بۆ نەخۆشخانەی ورمێ ڕابگوێزن، بەڵام لەلایەن پزیشکی چارەسەکەرەوە پێشگیریی لێ دەکرێ و ئەمەش گیان لە دەست دانی ئەو هاووڵاتییەی لێ دەکەوێتەوە. جورجیا ئەتمانی بەهۆی کەمیی ئیمکانات و خرابتر بوونی دۆخی تەندروستیی، پاش چەندین کاتژمێر خەواندن لە نەخۆشخانەی شاری سەڵماس گیانی لە دەست داوە.

## جێژنی نەتەوەیی نەورۆز لە کوردستانی ئێران بە شکۆ بەڕێوەچوو

ڕێورەسمی جێژنی نەتەوییی نەورۆز لە شار و گوندەکانی کوردستانی ئێران، سەرەڕای داسەپاندنی دۆخێکی ئەمنیەتی لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، بەڕێوەچوو. لەو ڕێورەسمانەدا هاووڵاتییان بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی "ئەی رەقیب" و"ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە"هەروەها سروودی حەماسی و شۆڕشگێرانە و خوێندنەوەی شێعر و پەخشان لە لایەن شاعیران و نووسەرانی لە وەسف و فەلسەفەی نەورۆز و ژیانەوەدا بەشداری چالاکانەیان کردوە.هەروها خەڵکی کوردستان بە هەڵکردنی ئاگر و هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەکی بەشدارانی ، بە بێ گوێدان بە دۆخی ئەمنیەتی و هێزەکانی ڕێژیم، جێژنی نەتەوەیی نەورۆزی ٢٧١٤ی کوردیان بەڕێوە برد. بە هوی زۆربوونی ڕاپورتەکان تەنیا ئاماژە بە ناوی شارەکان دەکەین. بۆ خوێندنەوەی زیاتری هەواڵەکان سەردانی سایتی'کوردستان میدیا" بکەن. ورمێ، پاوە، مەریوان، مەهاباد، بۆکان، پیرانشار، سەقز،کرماشان، هەوشار

## سمینارێک بەبۆنەی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە لە وڵاتی نۆروێژ بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ١٠ی خاکەلێوەی، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی نوروێژ بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، سمینارێکی بۆ "عیرفان رەهنموون و عارف نادری" پێکهێنا.ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب لە وڵاتی نوروێژ و کۆمەڵێك لە کوردانی دانیشتووی ئەو وڵاتە لەو سمینارەدا بەشدارییان کردبوو.ئەو سمینارە بە خوێندنی سروودی نەتەوەیی "ئەی رەقیب" و ڕاگرتنی یەك خولەك بێ‌دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان و هەروەها داگیرسانی ٦٧ مۆم لەلایەن بنەماڵەی شەهیدانەوە دەستی پێکرد.پاشان پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ نوروێژ پێشکەش کرا و دوابەدوای ئەوەش پەیامی کۆمیتەی هاوکاریی هێزە کوردستانییەکان خوێندرایەوە. "عیرفان رەهنموون" چالاکی سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ کەسایەتیی قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستان باسێکی پێشکەش کرد. لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا "عارف نادری" چالاکی سیاسی باسێکی لەسەر ئەخلاق و ئازادی لە ڕوانگەی پێشەوا قازی محەممەدەوە پێشکە ش کرد.ئەو سمینارە بە ڕا و تێبینی و پرسیاری بەشداران و هەروەها وەڵامدانەوەیان لەلایەن کوڕگێڕانەوە کۆتایی پێهات.

## ئیمام جومعەی گوندی "نێ" بەهۆی گوشاری ئیدارەی ئیتلاعات، شاری مەریوانی بەجێ هێشت

"مامۆستا ساحیب غەریبی" ئەدیب و شاعیری نیشتمانپەروەر و پێش‌نوێژی هەینی مزگەوتی گوندی نێ، بەهۆی گوشاری هێزە ئیتلاعاتی و ئەمنیەتییەکان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی لە شارەکانی سنە و مەریوان بە ناچاری شاری مەریوانی بەجێ هێشت و لە شاری بانە گیرسایەوە. مامۆستا ساحیب غەریبی مامۆستایەکی ئایینیی نیشتمانپەروەر و ئەدیبێکی ناسراوی ناوچەی مەریوان و کوردستانی ئێرانە کە هەتا ئێستا چەندین جار بەرەوڕووی هەڕەشەی هێزەکانی ڕێژیم بووەتەوە و لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتەوە بانگهێشتی و ئەزیەت کراوە.

## گوشاری هێزە ئیتلاعاتییەکان بۆسەر دووکاندارە کوردەکانی ورمێ زیادی کردووە

هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم ژمارەیەك لە بازاریان و خاوەن دووکانەکانی ورمێ یان لەو شارەدا بانگهێشت کردووە و لەمەڕ دانانی ناوی کوردی و تەبلیغ کردن بە زمانی کوردی هوشدارییان پێ داون. ئیدارەی ئیتلاعات فرۆشیاران و خاوەن دووکانەی شاری ورمێ بانگهشیت کردووە و لەمەڕ دانان و دیاری کردنی ناو و وشەی کوردی بۆ دووکانەکانیان لێ پێچینەوەیان لێ کراوە. ئیدارەی ئیتلاعات لەو لێ پێچینەوانەدا دوایین هوشداریی خۆی بە دووکاندارە کوردەکان داوە و پێی ڕاگەیاندوون کە دەبێ لە وشەی فارسی، یان غەیری کوردی بۆ بەنێر و تابلۆی دووکان و بەرگە تەبلیغییەکانیان کەڵك وەر بگرن. ئیدارەی ئیتلاعات ئەو دووکاندارە کوردانە کەلە زمانی دایکی خۆیان بۆ دانانی ناوی دووکان و شوێنی کەسابەتەکەیان کەڵك وەردەگرن بە "سەرپێچی کارانی یاسا سینفییەکان" تۆمەتبار کردووە.

## گوشاری هێزەکانی ڕێژیم بۆسەر دانیشتوانی شارستانی ماکۆ درێژەی هەیە

هێزەکانی ڕێژیم لە شارستانی ماکۆ بە هاوکاریی ئیمام جومعە و فەرمانداریی ئەو شارە هێرشیان کردۆتە سەر شوێنی دروست کردنی گوندێکی تازە بە ناوی" شگفتی" و پێشیان لە بەڕێوەبردنی ئەو پرۆژەیە گرتووە. گوندی شگفتی کە لەلایەن هاووڵاتییەکی کوردی دانیشتووی شارستانی ماکۆ بە ناوی "شادفەر" لە ناوچەی ئاواجیق، هەڵکەوتوو لە ٤٥ کیلۆمتری ماکۆ و٥ کیلۆمتری سنووری تورکیە بۆ خەڵکی بێ خانوو لە دەستی دروست کردندا بووە کە لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە پێشی لێ گیراوە. هەموو قۆناغە یاسایی‌یەکانی کاروباری دروست کردنی ئەو گوندە لەلایەن فەرمانداری شارستانی "ماکۆ"وە بەدواداچوونی بۆ کراوە. ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران فەرمانی بەتاڵ کردنی چەند گوندی کوردنشینی "ماکۆ"ی بە بێ هیچ پاساوێك دەرکردبوو.

## ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکانی شاری مەریوان

ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان بڵاو کردووتەوە، ڕێکەوتی ٣ی خالەکیوەی ١٣٩٣ی هەتاوی، ئاگرکەوتنەو لە گوندەکانی "کیکن" و "نەچێ" سەربە شارستانی مەریوان رووی دا و نزیك بە سێ هێکتار لە دارستانەکانی ئەو ناوچەیە لە نێو ئاگردا سووتا.هەروەها ئاگرکەوتنەوەیەکی دیکە لە نزیك بیەکەڕە لە ١٥ کیلۆمیتریی شاری مەریوان ڕووی داوە کە لەلایەن ئەندامانی ئەو ئەنجومەنەوە کۆنترۆڵ کراوە.

## هاووڵاتییەکی کورد بە دەستی هێزەکانی ڕێژیم لە بانە بریندار کرا

ڕێکەوتی ١ی خاکەلێوەی ١٣٩٢ی هەتاوی، هاووڵاتییەکی کورد بەناوی "فریاد رەش" خەڵکی شارۆچکەی "گوڵشار"ی سەربە شارستانی بانە، کرایە ئامانجی هێرشی دەست و پێوەندییەکانی ڕێژیم و لە ئەنجامدا بە توندی بریندار بوو. ئەو هێزانە کە سەربە ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بوون، ئەو هاووڵاتییەیان داوەتە بەر لێدان و کوتان و لە ئاکامدا بە توندی بریندار بووە. لە ئاکامدا رەوانەی نەخۆشخانەی گوڵشار کراوە.

## کچە خوێندکارێکی بۆکانی بە ٢ ساڵ زیندانی تەعلیقی مەحکووم کرا

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، ئەفسانە بایزیدی تەمەن ٢٨ ساڵ، کچی ئەبووبەکر و خوێندکاری زانکۆی پەیام‌نووری شاری بۆکان، بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێك لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەلایەن دادگای شۆڕشی شاری مەهابادەوە بە ٢ ساڵ زیندانیی تەعلیقی بۆ بڕایەوە.

## گوشارهێنانی ڕێژیم بۆ سەر بەندی زیندانییانی سیاسیی لە زیندانی ورمێ

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپابڵاوی کردەوە، ڕێکەوتی ١١ی خاکەلێوە هێزە تایبەتییەکانی زیندانی ناوەندی ورمێ هێرشیان کردۆتە سەر بەندی زیندانییانی سیاسیی ئەو زیندانە. ئەو هێزانە دەستیان بەسەر سەرجەم نووسراوە و کتێب و کەلوپەلی شەخسی زیندانییانی سیاسیی بەندی ١٢ی زیندانی ورمێ‌دا گرتووە.هەروەها سێ‌چالاکیی سیاسیی کورد بەناوەکانی یووسف کاکەمەمی، عوسمان مستەفاپوور و مەنسوور ئاروەند بۆ ماوەیەکی کاتی ڕەوانەی ژووری تاکەکەسیی زیندانی ورمێ‌کراون.

## لە دیواندەرە،لە سەر کێشەی زەوی و زار دوو لاو کوژران

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپابڵاوی کردەوە، ڕێکەوتی ٥ی خاکەلێوە، دوو لاوی بەناوەکانی لوقمان و عوسمان ئیزەدی، تەمەن ٢٤ و ٢١ ساڵ بەهۆی کێشەی زەوی و زار، لە گوندی "بەردە سپی"ی سەربە ناوچەی سارالی دیواندەرە لەلایەن کەسێکی نزیکی خۆیانەوە کوژران.کاربەدەستانی حکوومەتی سەرەڕای ئەوەی هیچ بایەخێك بە کەمبوونەوەی ڕێژەی تاوان و تاوانکاری لە کۆمەڵگەدا نادەن، بەڵکوو شێوەی هەڵسووکەوتی نەشیاوی ناوەندە حکوومەتییەکان لەگەڵ تاوانباران، ڕاستەوخۆ هۆکاری زیادبوونی تاوانکاری لە بەستێنی کۆمەڵگەدایە.

## حوکمی ١٠ ساڵ زیندان بۆ هاووڵاتییەکی کورد بڕایەوە

هاووڵاتییەکی کوردی بەناوی "سامرەند فەرهمەندی" تەمەن ٢٣ ساڵ و کوڕی کامیل،خەڵکی گوندی "ئیندر قاش"ی سەربە شارستانی مەهاباد، لەلایەن دادگای شۆڕشی شاری مەهابادەوە بە تۆمەتی "ئەمنیەتی" سزای ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا. سامرەند فەرەهمەندی پێش تر چەندین جار لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە بانگهێشت و دەسبەسەر کراوە.

## دایکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ کۆچی دوایی کرد

دایە "حاجی جواهیر خزرنژاد" دایکی شەهید "عەبدولسەلام زاهیدی" خەڵکی گوندی "گردوان" ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ و دانیشتووی گوندی "هۆڵستانە" بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجە لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. شەهید عەبدولسەلام زاهیدی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی هاوڕێ لەگەڵ ٤٤ پێشمەرگەی دیکەی لە بەربەرکانێیەکی توند لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم لە شاری ورمێ شەهید بوو.تەرمی دایە جواهیر لەنێو ئاپۆرای خەڵکی گوندی هۆڵستانە و ناوچەی مەرگەوەڕ بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دایە جواهیر دەکا و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

# پەیامی تاهیر مەحموودی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی کومیسیۆنی کۆمەڵایەتی بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدان

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!

میوانانی بەڕێز!

ئەندامانی بەڕێزی ڕێبەرایەتیی حیزب و کادر و پێشمەرگە خۆشەویستەکان!

ئەمڕۆ ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستانە. ئێمەش بۆیە لێرە لە دەوری یەکتر کۆبووینەتەوە تا ڕێز لە شەهیدانی کوردستان بگرین و یادی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی و هەموو شەهیدانی کوردستان کە ژیانی خەباتگێڕانە و مەرگی سەربەرزانەیان بۆتە سەرمەشق و ئیلهامدەری هەموو ڕۆڵەکانی کوردستان بۆ خەبات و بەرخودان لە ڕێگای ئازادی دا، بەرز ڕابگرین.

٦٧ ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، پێشەوای مەزن قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستان، حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی و ئەبولقاسمی سەدری قازی لە مەیدانی چوارچرای مهاباد، ڕاست لەو شوێنە کە ساڵێک پێشتر کۆماری کوردستانی لێ ڕاگەیەندرا، بە دەستوری حەمەڕەزا شا لە سێدارە دران.

ڕێژیمی دیکتاتۆری پاشایەتی، پێی وابوو بە نەمانی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدانی سەرکۆماری کوردستان و هاورێکانی، بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد بۆ هەمیشە بەچۆکدا دێت و هەستی کوردایەتی و بیری نەتەوایەتی لە دڵ و مێشکی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستاندا دەسڕێتەوە. بەڵام ئەو کارەساتە نەک هەر نەیتوانی ئیرادەی خەبات و بەربەرەکانێی نەتەوەی کورد تێک بشکێنی، بەڵکوو کوورەی خەبات بۆ ئازادی و رزگاریی کوردستانی هێندەی دیکە نێڵ دا.

یەکێک لەو وانە گرنگ و مەزنانەی کە پێشەوای مەزنمان بۆی بەجێ هێشتووین و بەردەوام دەبێ لێی فێربین و شانازیی پێوە بکەین خۆڕاگریی پێشەوا و داکۆکی لە مافی ڕەوای کورد لە بەرامبەر جەللادەکانی ڕێژیمی پاشایەتی و دادگای نیزامیی ئەو ڕێژیمەوە بوێری و مەزنیی پێشەوا لە ئاستێکدا بوو کە سەرەڕای ئەوەی خۆی وەک بەندکراو لە بێ دادگای ئەو ڕێژیمەدابوو، بەڵام ئەوە پێشەوا بوو کە گشتییەتی ئەو ڕێژیمەی دادگایی کرد و بە هەموو باوەڕ و توانایەوە بەرگریی لە کۆمار و ئامانجە ڕەواکانی کرد. ئەوەش دەرخەری ئەو راستییەیە کە پێشەوا باش دەیزانی مافی ڕەوای خۆیەتی وەکوو هەموو مرۆڤێکی ئەم جیهانە، ئازادانە خاک و ئاو و زێد و نیشتمانێکی ببێ و ئەوانەش دەیانەویست دادگایی بکەن جگە لە داگیرکەر ناوێکی تریان نیە و هیچ چەشنە مافێکیان بە سەر کورد و کوردستانەوە نیە.

هەر ئەو باوەڕە پتەوەی پێشەوای مەزن قازی محەممەد بوو کە ئیجازەی نەدا لە کاتی لەسێدارەداندا چاوی ببەستن و حەزی دەکرد لە دواساتەکانی ژیانیدا هەروەک ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان چاوی لەو خاکە پیرۆزە و ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی بێت کە بە هەموو وجودەوە خزمەتی کرد و فیداکاریی بۆ کرد.

ڕاستە کۆماری کوردستان نەماوە، بەڵام ئامانجەکانی کۆماری کوردستان هەروا ئامانجی خەڵکی کوردستانن. خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران هەروا بەو ڕێگایەدا دەڕواتە پێش کە پێشەوا و هەزاران شەهیدی دیکەی کوردستان بە پێشکەش کردنی گیانی خۆیان نەخشاندوویانە، واتا ڕێگای ئازادی و رزگاریی گەلی کورد.

هاونیشتمانانی بەڕێز!

فەلسەفەی بوونی کۆمار بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا دەرخەری دووربینی ئەو کەسایەتییە دیارە و قاڵبووی ناو کورەی خەباتی نەتەوایەتیی و پرسی ناسیۆنالیزم بوو. پێشەوا لە سەهۆڵبەندانی ئەندێشەی ئەو سەردەمەدا توانیی پرسێکی گرینگی وەکوو ناسیۆنالیزم بە شێوەیەکی سەردەمیانە، زەق بکاتەوە و ژمارەیەک لە بنەماکانی ناسیۆنالیزم بەهێز بکات. پێشەوای کوردان بە کار و کردەوە ویستی بە نەوەی داهاتوو بڵێ بیچم گرتنی ناسیونالیزم و سەقامگیر بوونی، پێویستی بە قوربانیدان هەیە و باش لەوە تێگەیشتبوو کە زمان بۆ سەقامگیریی ناسیۆنالیزم زۆر گرینگە، هەر بۆیە بەشێکی زۆر لە وزەی کۆماری لەو ڕێگایەدا بەکارهینا. و دەیهەویست مەسەلەی کولتوری گشتیی کورد بکاتە بنەمای کاری دیپلۆماسی. ئەو چەند خاڵە نیشاندەر و سەلمێنەری ئەوەن کە بنەماکانی ناسیونالیزمی کوردی زیاتر لە نیو سەدە لەوەپێش بیچمی گرتووە، بە پێچەوانەی گووتەی هێندێ قەڵەم بەدەست کە بانگەشە بۆ "قەومییەت" دەکەن. هەر بۆیە لەسەر نەتەوەی کورد و حیزبەکەی پێشەوا پێویستە کە بنەماکانی ناسیۆنالیزمی کورد بە پشت بەستن بە تیۆرییە جیهانییەکان بەهێز بکات و پرسی "چییەتی و کێیەتی" لە ناسیۆنالیزمدا زەق بکاتەوە و مەودا و جیاوازییەکان دەستنیشان بکا.

خوشک و برایانی بەڕێز!

پێشەوا قازی بە هەڵسەنگاندنی هەلومەرجێک کە بە هۆی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە هاتبووە گۆڕێ، و بە کەڵکوەرگرتن لە پێگە و کاریگەری کۆمەڵایەتیی خۆی توانیی حیزبێکی سیاسی و مۆدێرن بۆ ڕێبەریی خەباتی نەتەوەی کورد دامەزرێنێ و لەگەڵ ڕووداوەکان بڕواتە پێش و دەوڵەتی کۆماری کوردستان ڕاگەیەنێ و سەروەریی سیاسی و مافی خۆ بەڕێوەبردن بۆ کورد دەستەبەر بکات. ئەو کردەوە مەزنەی پێشەوا و حیزبەکەی ئاڵوگۆڕێکی گەورە و بنەڕەتیی لە دۆخی سیاسیی ناوچەکەدا بوو، هەر بۆیەش کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی بوونە چقڵی چاوی کۆنەپەرستانی تاران. ئەو کاتەش کە کۆمار کەوتە بەر مەترسی، بە وەفاداری بە سوێند و پەیمانێک کە لەگەڵ نەتەوەی خۆی بەستبووی، ئامادە بوو بە فیداکردنی گیانی خۆی بەرگری لە خەڵک و خاکی نیشتمانەکەی بکات.

جێی خۆیەتی وەک ڕێزلێنان و وەفایەک یادێک لە قارەمانانی بارزانی بکەینەوە کە لە بەرگری لە کۆماری کوردستاندا، فیداکاریی زۆریان لە خۆیان نیشاندا و لە شەڕی مامەشا و چەندین بەرگریی ئازایانەدا بە هەموو توانایانەوە بەرگری لە کۆماری کوردستان بکەن و شەهیدبوونی فەرماندەی ناسراو "خۆشەوی خەلیل" سەلمێنەری ئەو راستییەن.

لەگەڵ ئەوەی بە دوای شەهید بوونی پێشەوا و ڕووخانی کۆماردا، حیزبەکەمان زەبرێکی قورس و کاریگەری بەرکەوت، بەڵام نەچەمی و پشتی لە ژێر باری ئەو خەمە قورسەدا راست کردەوە و خەباتگێرانی حیزب توانیان دوای ماوەیەک بە تێکۆشان و فیداکاریی خۆیان، دڵی دۆستان شاد بکەن و دوژمنان داماو و زەبوون. خۆڕاگریی تێکۆشەرانی حیزب لە چاڵە ڕەشەکانی ڕێژیم، دەربەدەری و ئاوارەیی، سەرەنجام ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٧-٤٦ ی لێکەوتەوە کە ئەو قۆناغەش پۆلێک لە باشترین کادرەکانی حیزب گیانی خۆیان کردە فیدای خاکی پیرۆزی کوردستان.

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!

بە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و دەستبەسەرداگرتنی زەحمەت و ماندووبوونی گەلانی ئێران لەلایەن تاقمێکی هەلپەرستەوە، قۆناغێکی نوێ لە خەبات و خۆڕاگریی تێکۆشەرانی دێموکرات دەستی پێکرد، کام چیا و کام شار و گوند، لەم کوردستانە هەیە کە مەیدانی شێرە کوڕانی دێموکرات نەبێت و داستانی خۆڕاگری و نەبەزینی لێ تۆمار نەکرابێت.

لەگەڵ بەرین بوونەوەی مەیدانی شەڕی داسەپاو، ڕێبەری مەزن د.قاسملوو، بە مەبەستی ئامادەکاریی هەرچی زیاتر و وەشاندنی زەبری کاریگەرتر لە دوژمن، داوای هاوکاری لە یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان کرد، کە لە ژێر ناوی هێزی پشتیوان وەک پشت و پەنای حیزبی دێموکرات، هاوکاریی حیزب بکەن. لە هەڵویستێکی بەجێ و نەتەوەییدا وەڵامی داوای حیزبیان دایەوە و بە بەخت کردنی گیانی ١٥ کەس لە فەرماندە و پێشمەرگەکانیان و بریندار بوونی دەیان کەسی دیکەیان لاپەڕەیەکی زێڕینیان لە مێژوودا تۆمار کرد.

پێویست بە ئاماژەیە، تێکۆشەرانی حیزبی شیوعی و حیزبی سوسیالیست بە بەخت کردنی گیانی باشترین کادر و پێشمەرگەیان قورساییەکی زۆر و ئەرکێکی بەرزی نەتەوەییان ئەنجامدا و ژمارەیەک لە باشترین کادرەکانیان شەهید بوون و لەو بارەوە لە هیچ خزمەتێک بە شۆڕش درێغیان نەکرد.

بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین، ڕێزی خۆمان بۆ تێکۆشەرانی کوردستانی تورکیە و بەتایبەت زەحمەت و ماندووبونی هاوڕێیانی پارتی سۆسیالیستی کوردستان – باکوور، دەربرین کە بە کردەوە لە مەیدانی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان لە هیچ فیداکارییەک درێغیان نەکردووە.

ئامادەبووانی خۆشەویست!

لە نێو نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش، ڕۆڵەکانی نەتەوەی تورکی ئازەری ژمارەیەک لە تێکۆشەرانیان پێشکەشی ئازادی کردووەو وەفادار بە ئامانج و ڕێبازی حیزب بوون کە لە ناویاندا خەباتگێری تا سەر وەفادار موهەندیس ڕەزا خەیاتی دەبینرێ.

خەباتگێڕانی نەتەوەی بەلووچ بە دلسۆزی و زەحمەت و ماندوو بوونیان شان بە شانی پێشمەرگەکانی حیزب دڵسۆزانە خزمەتیان بە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد و حیزبی دێموکرات کردووە.

کاتێک باس لە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان دەکەین، ناکرێ فیداکاری سەرجەم هێزو لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانی ئێران لە مەیدانی خەبات لە بیر بکەین کە بە فیداکاریی خۆیان لە بەندیخانەکاندا و بە چوکداهێنانی جەللادەکانی ڕێژیم و سەرەنجام بەخت کردنی گیانی پێشمەرگەکانیان، ڕۆڵی شیاوی خۆیان لە خزمەت بە مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان گێڕاوە.

کاتێک ئاوڕ لە رابردووی پڕ لە شانازیی حیزبەکەمان دەدەینەوە، دەبینین لەو ڕێگایەدا سەدان کۆسپ و پیلانی نەیارانی تیپەڕاندووە و لەو ڕێگایەدا گیانی هەزاران کەس لە باشترین تێکۆشەرانی خۆی فیدای خاکی پیرۆزی کوردستان کردوە. بەڵام بۆ ساتێکیش لە سەر داوا ڕەواکانی خۆی هەدای نەداوە و پشت ئەستوور بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بە ئیمان و باوەڕ بە ڕیبازی شەهیدان لە خەبات بەردەوام بووە و تا گەیشتن بە رزگاریی یەکجاری و وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی خەبات و تێکۆشان بەردەوام دەبێت.

کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بە هەموو توانایەوە هەوڵی لەناوبردن و دژایەتیی خەڵکی کوردستان و حیزبەکەمانی داوە و بە خەیاڵی خاوی خۆی بە ئامانجە دژی گەلیەکانی دەگات. دەبینین کە تیرۆر، سێدارە و هەموو چەشنە ڕێگایەک تاقی دەکاتەوە بەڵام هەموو جارێ لەگەڵ شکست ڕووبەڕوو دەبێتەوە.

لە چەند مانگی ڕابردوودا، کاربەدەستانی ڕێژیم لە چەندین شاری کوردستان، سەردانی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی حیزبی دێموکراتیان کردووە و بە قەول و بەڵێن پێدان، داوایان لێ کردوون سەبارەت بە ڕابردووی شەهیدەکان قسە بکەن و داوای پاکانە لە کۆماری ئیسلامی بکەن. مۆرەکانی ئیتلاعات لەوە بێئاگان کە بنەماڵەی شەهیدان باش دەزانن جگەرگۆشەکانیان گیانیان لە ڕێگای خەبات بۆ ئازادی و رزگاری و مافی نەتەوایەتی بەخت کردووە و هەرگیز ئامادە نین سەری بەرزیان بۆ ڕێژیمێک نەوی بکەن کە قاتڵی ڕۆڵەکانیانە. فەلسەفەی ڕێژیم لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە لەسەر دژایەتیی نەتەوەی کورد دامەزراوە. هەر بۆیە خەڵکی کوردستان و تێکۆشەرانی حیزب، یەک بە یەکی ئەو شەهیدانە بە کەس و کاری خۆیان دەزانن و مڵکی تەنیا بنەماڵەکانیان نین. چونکە لە پێناو بەختەوەریی ئەو خەڵکەدا گیانی خۆیان فیدا کردووە و باشترین پاداش بۆ ئەو فیداکارییە، وەفاداری بە ئامانجەکانیانە.

کۆمەڵانی بەشەرەفی خەڵکی کوردستان!

هەروەک تا ئێستا نیشانتان داوە، ئەرکی نیشتمانیی خۆتان سەبارەت بە بنەماڵەی شەهیدان، بە بەسەرکردنەوەی گڵکۆی شەهیدان، وەفاداری و ئەمەگناسیی خۆتان بە بنەماڵەی شەهیدان و بە حیزبەکەتان دەربڕیوە. بەو هەڵوێستەتان چاوی دوژمنانی ئازادیتان کوێر کردووە و دڵی یادگاری شەهیدەکان و هاوسەنگەرانیان شاد دەکەن و دڵنیاش بن، خۆری ئازادی هەڵدێ! تا ئەو جێگایەش پێوەندی بە حیزبی دێموکراتەوە هەیە، وەک هەمیشە حیزبەکەمان بە پرنسیپە نەگۆڕەکانی خۆی واتا دێموکراسی، مافی نەتەوایەتی و سەربەخۆیی سیاسی بڕیاردان بەرامبەر بە خوێنی شەهیدان وەفادار دەمێنێتەوە و هیچ چەشنە گوشار و هەلومەرجێک هەنگاوی پێ شل ناکات.

لە شەست و حەوتەمین ساڵی لەسێدارەدانی پێشەوا و هاوڕییانی وێڕای ناردنی سڵاو بۆ گیانی پاکی پێشەواو سەرجەم شەهیدانی کوردستان ، پەیمانی وەفاداری بە ئامانجەکانیان نوێ دەکەینەوە و بەو ئاواتەین تا گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری، بەو پەیمانە وەفادار بمێنینەوە.

سڵاو لە یەکەمین سەرکۆماری شەهیدمان قازی محەممەد و سەرجەم شەهیدانی کوردستان!

مردن و نەمان بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی!

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی

١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٣ی هەتاوی



# تۆمەت مەدەن لەم ڕێژیمە!

مستەفا هیجری



لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ڕووحانیدا ژمارەیەك لە چالاکانی سیاسیی نەتەوە بندەست و ستەملێکراوەکانی ئێران بە پشتبەستن بە ڕاگەیەنراوی ڕووحانی لەمەڕ دابینکردنی مافی " نەتەوەکان و کەمینە ئایینییەکان" بانگەشەیەکی بەرینیان بە قازانجی ناوبراو خستە ڕێ و وایان لە خەڵك تێگەیاند کە هەڵبژاردنی ڕووحانی واتە چارەسەریی کێشەکان و سڕینەوەی ئەو هەڵاواردنەی کە بەسەریاندا داسەپاوە. ئاکامی ئەم فریوکارییانە لێڕوانینی تا ڕادەیەك بەرینی ئەم نەتەوانە بوو بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان و دانی دەنگەکانیان بە قازانجی ڕووحانی. هەموو ئەم گۆڕانکارییانە (وەرچەرخانانە) لە کاتێکدا بیچمی گرت کە:

ـ خودی ئەو وادانەی کە لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتبوو، هەندێ پرسی ئێجگار لاوەکی و گچکەی لە خۆ دەگرت.

ـ سەرۆك کۆمار لە ئێرانی کۆماری ئیسلامیدا و کابینەکەی سەڵاحییەتی ئەوتۆیان بۆ جێبەجێ کردنی ئەم وادانە نییە، چون لە ئێراندا ئەم سەڵاحییەتانە لە پاوانی تاکێکدایە (وەلی فەقیە) و، سەرۆك کۆمار تەنیا بەڕێوەبەری فەرمانەکان و سیاسەتە دیاریکراوەکان لە لایەن وەلی فەقیهەوەیە.

ـ بەرپرسانی ئەمنی و ئینتزامیی وڵات کە تەنیا لە بەرامبەر وەلی فەقیهدا وەڵامدەرن نە لە بەرامبەر سەرۆك کۆماردا، لە هەمان بڕگەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا ئەم ڕاستییانەیان دەدرکاند. تەنانەت خودی خامنەییش لە درێژەی لێداونێکیدا دای بە گوێی پاڵێوراوانی سەرکۆماریدا کە وادەگەلێك بە خەڵك نەدەن کە وەدیهێنانیان لە ئاستی تواناییاندا نەبێت.

بەڵام سەرەڕای ئەمانە چالاکانی سیاسی لەسەر بنەمای ( ئیشەڵڵا پشیلەیە) هەموو ئەم ڕاستیانەیان لەبەرچاو نەگرت و لە درێژەدانی چالاکیی خۆیان بە قازانجی ڕووحانی بۆ ساتێکیش تووشی دردۆنگیی نەبوون، تا پێیان کرا لە هیوادارکردنی خەڵك بە بەڕێوەچوونی وادەکانی ڕووحانی ـ لە ئەگەری هەڵبژاردنی وەك سەرۆك کۆمار ـ دەریغییان نەکرد. بەداخەوە کەسانێك لە چالاکانی سیاسیی نەتەوە بندەستەکان کە ئێستا پاش تێپەڕینی نزیك بە ٩ مانگ لە گەیشتن بە دەسەڵاتی ڕووحانی و ئاشکرا بوونی سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی کە لە لایەن وەلی فەقیهەوە بەسەریدا داسەپاوە، هێشتا لە چوارچێوەی ئۆمێدی بێهوودە بە خەڵك دان چالاکن. بەم ئومێدە کە وتووێژی عەلی یوونسی وەزیری پێشووی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی و "یاریدەدەری تایبەتیی سەرۆك کۆمار لە پرسی نەتەوەکان و کەمایەتییە ئایینییەکان" دەنگی جەرەسێك بێت بۆ لە خەو هەستانی ئەم گرووپە لە چالاکان و هەموو ئەو کەسانەی کە لەم ڕێژیمەدا چاویان بڕیوەتە سڕینەوەی هەڵاواردن و ستەم لەسەر نەتەوە بندەستەکانی ئێران.

عەلی یوونسی وێڕای وتووێژێك لەگەڵ ئێحسان هووشمەند کە دەقەکەی لە گۆڤاری "ئێران" تایبەت بە نەورۆزی ١٣٩٣دا بڵاو کراوەتەوە وەڵامی پرسیارەکانی وتووێژکەر دەداتەوە. خوێندنەوەی وردی ڕستە بە ڕستەی ئەم وەڵامانە پێویستی بە باسێکی تێر و تەسەلە بەڵام لە وتارێکی ئاوادا بۆ پێشگرتن لە درێژدادڕیی تەنیا چڕ دەبینە سەر هەندێ لە وەڵامەکانی ناوبراو و، هەوڵ دراوە هەندێ لەوانە لە پێوەندی لەگەڵ مافی "کەمایەتییەکان" و ڕوانگەی ناوبراو، کە لە ڕاستیدا دەکرێ بوترێ ڕوانگەکانی ڕێژیمن هەڵبسەنگێنین و هێمایەك بکەین بۆ ئەو پارادۆکسانەی کە لە وەڵامی پرسیارەکاندا هەن کە لە نەبوونی بڕوای ڕێژیم بە داخوازییەکانی "کەمایەتییەکان" سەرچاوە دەگرێ. بەڵکوو کە ئەم وەڵامانە لە ڕەواندنەوەی ناڕوونییەکان لەمەڕ بوون یان نەبوونی پلانێکی دیاریکراوی ڕێژیم بە مەبەستی سڕینەوەی هەڵاواردنەکانی داسەپێندراو بەسەر نەتەوە غەیرە فارسەکاندا لە ئێراندا بە سوود بێت:

پرسیار: پۆستی "یاریدەدەری تایبەتیی سەرۆك کۆمار" بە وردی بە چ واتایەکە و گەلۆ چوارچێوەی ئەرکەکانی ئەو دیاری کراوە؟

وەڵام: "هێشتا پێگەی تەشکیلاتی و هەڵکەوتەی ڕێکخراوەیی ئەو لە کۆگەی دەوڵەتدا بە وردی دیاریی نەکراوە. ئەڵبەت ئێمە پێشنیارگەلێکمان کۆکردوەتەوە و داومانە بە ڕێکخراوی بەڕێوەبەریی و خەریکی تاوتوێ کردنین، بەڵام شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ وەزارەتخانەکانی دیکە، و چوارچێوەی ئەرکەکان و پێکهاتەی ڕێکخراوەیی ئێمە دیاری نەکراوە."

بەمجۆرە دەبینین دامەزراوەیەك کە بڕیارە لە پێناو سڕینەوەی هەڵاواردن و دابینکردنی مافە پێشێلکراوەکانی "کەمایەتییەکان" هەنگاو هەڵبگرێت، پاش تێپەڕینی ٩ مانگ هێشتا پێگەی تەشکیلاتی و هەڵکەوتەی ڕێکخراوەییەکەیی دیاری نەکراوە.

هەربۆیە دەکرێ بوترێ ڕێژیم بە شێوەیەکی گشتی بڕوای بە بوونی ئەم مافانە نییە تا بە شێوەیەکی بەرنامەڕێژیکراو لە پێناو وەدیهاتنیاندا کار بکات و ئەم دامەزراوەیش شێرێکی بێ یاڵ و کلکە کە لە چوارچێوەی بانگەشەی نێوخۆیی و دەرەکیدا دامەزراوە.

پرسیار: ئێوە زمانتان وەك یەکێ لە توخمە سەرەکییەکانی نەتەوەکان پێناسە کردووە. لە لایەکەوە خودی ئێوە و گوایە دەوڵەت بە دوای گەڵاڵەی فێرکاریی زمانە ناوچەییەکان وەك یەکێ لە داخوازییەکان و مافێکی یاسایین. دەوڵەت لەم بوارەدا بە وردی بڕیارە چی بکات؟

وەڵام: "سەرەتا دەبێ لە نێوان زمان و زاراوەدا جیاوازیی دابنێین. فارسی یەك زمانە کە زاراوەی زۆری هەیە، گیلەکی، مازنی، خوراسانی و کوردی هەموویان زاراوەکانی یەك زمانن، زمانی فارسی. کاتێ باس لە زمان دەکەین مەبەستمان زمانگەلێ وەك فارسی، عەرەبی، ئینگلیسی و تورکییە...".

دەمەوێ نیگەرانیی هەندێك کە دەڵێن خوێندن و نووسینی زمانی نەتەوەکان، خەسار دەگەیەنێ بە زمانی فارسی بڕەوێنمەوە، چلۆنە کە بە خوێندنی ئینگلیسی و عەرەبی لە قوتابخانەکاندا، فارسی تووشی خەسار نابێت بەڵام بە خوێندنی زمانێ وەکوو تورکی، تووشی خەسار دەبێ"

ئەم وەڵامە لە دوو سۆنگەوە گرینگیی هەیە. یەکەم ئەوەیکە کوردی زمان نییە بەڵکوو زاراوەیەکی زمانی فارسییە. هەربۆیە لە پلانی بەڕێز یوونسی ـ ئەگەر پلانێك ئامادە کرا ـ شوێنێك بۆ خوێندنی زمانی کوردی نییە. چرپەیەك دێتە گوێ کە ناسیاوە و بە شێوەی بەردەوام لە سەردەمی ڕێژیمەکانی پاشا و شێخ بیستوومانە و ئێستا لە زاری بەرپرسی دامەزراوەیەکەوە دەیبیستین کە گوایە بڕیارە لە پێوەندی لەگەڵ فێرکاریی زمانە ناوچەییەکاندا گەڵاڵەیەکی بێت.

دووهەم ئەوەیکە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو زمانانەی کە ناوبراو بڕوای بە بوونیان هەیە وەك تورکی و عەرەبی تەنیا لە هەوڵی ئەوەدایە کە نیگەرانی ئەو بەڕێزانە بڕەوێنێتەوە کە دەڵێن خوێندن و نووسینی زمانە نەتەوەییەکان خەسار بە زمانی فارسی دەگەیەنێ، نەك کۆمەڵێ کار و کردەوە لە پێناو ئامادەکاریی بۆ خوێندنیان و ئەمەیکە گەلۆ ئەوان لە ڕەواندنەوەی ئەم نیگەرانییانە سەردەکەوێ یان نا دەبێ چاوەڕوان بین. هەواڵنێر جارێکی دیکە لەمەڕ زمانی کوردی لە ناوبراو پرسیار دەکات و بەڕێز یوونسی وەڵام دەدەنەوە:

<u>من کوردی بە بەشێك لە زمانی فارسی دەزانم. ئەڵبەت داخوازیی بۆ خوێندنی بوونی هەیە</u>. بەمانەشەوە لێکۆڵینەوەکانی من پیشانی دەدا کە ئەم داخوازییە زۆر بەرین و بەربڵاو نییە. لە درێژەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە هەم لە سەردەمی وەزارەتی ئیتلاعات و هەم لەم سەردەمەدا کردوومە <u>بەم ئاکامە گەیشتووم کە نە بۆ زمانی تورکی و نە بۆ زمانی کوردی داخوازییەکی ئەوتۆ، جیددی و بەربڵاو لە پێناو خوێندنیاندا بوونی نییە.</u>

باشە هەربۆیە کاتێ جنابی یاریدەدەری تایبەتیی سەرۆك کۆمار بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە کردوویانە لە لایەن نەتەوەکانی کورد و تورك وەڵام دەدەنەوە کە "داخوازیی جیددی و بەربڵاو لە پێناو خوێندنیاندا بوونی نییە" کە واتە تا ئێرە کوردی نە زمانە و نە داخوازییەکی ئەوتۆش بۆ خوێندنی بوونی هەیە و تورکییش کە بڕیار بوو زمان بێت ئەویش وەك کوردی داخوازیی جیددی و ئەوتۆ بۆ خوێندنی بوونی نییە. هەر بۆیە جارێ یاریدەدەری تایبەتیی بەشێك لە کێشە سەرەکییەکانی چارەسەر و خەیاڵی دەوڵەتەکەی ئاسوودە کردووە. بەڵام هەواڵنێر کە وا دیارە بەم وەڵامە ڕازیی نەبووە، زۆر بەجێ پرسیار دەکات:

"ئەگەر ئەم داخوازییە بوونی نییە ئەی بۆچی بووە بە گرینگترین بەشی بەرنامەکانی ئێوە و وەزارەتی فێرکاریی و پەروەردەش بە شوێنیەوەن؟ " بەڕێز یوونسی وەك ئەوەیکە گڕی گرتبێ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەفەرموون: ئێوە هەواڵنێرەکان ئەم کارەتان کردووە! خوێندنی زمانە نەتەوەییەکان داخوازیی گشتیی نییە بەڵکوو داخوازیی ژمارەیەکی کەم ڕووناکبیر و تەنانەت حیزبییە، ئەڵبەت یاسای بنەڕەتی پێویستی کردووە لەسەرمان و لەڕاستیدا بەشێکە لە قەبارە ڕاگیراوەوەکانی یاسای بنەڕەتی بەڵام پیشاندانی ئەم خاڵە کە شەپۆلێکی داخوازیگەریی بەربڵاو لە نێو نەتەوەکاندا بۆ ئەو بوونی هەیە، تەنیا

درێژە لە لاپەڕەی ٨

## ڕۆژەڤ

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

### کریمە لە نێو بەرداشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا

ڕووداوی ئەمدواییانەی کریمە و جیابوونەوەی لە ئۆکراین بە پاڵپشتی هێزەکانی ڕووسیە، یەکێك لە ڕۆژەڤەکانی ڕۆژنامە و ماڵپەڕە ڕۆژئاواییەکان بووە. بەگشتی ئەوەندەی ئەو ڕاگەیێنانە خۆیان بە شەرمەزارکردنی لەشکرکێشی پووتین بۆ ئۆکراین بە شێوەیەکی تاکلایەنانە و بەزاندنی سنوورەکانی ئەو وڵاتە بەبێ ئیزنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خەریك کردووە، کەمتر خۆیان لەوە باسە داوە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ خەڵکی کریمە، مافێکی بێئەملاوئەولایە وەك لە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤدا هاتووە.

ماڵپەڕی "واشینگتۆن پۆست" لە بەشی بۆچوونی خۆیدا، کورتە وتارێکی ئادام تەیلور، نووسەری بەشی سیاسەتی دەرەکی ڕۆژنامەی "واشینگتۆن پۆست"ی لەسەر ڕێوڕەسمی خەڵاتکردنی سوپای ڕووسیە لە لایەن پووتینەوە داناوە. لە وتارەکەدا کە لە ژێر ناوی "پوتین دەڵێ کریمە توانایییە نوێکانی سوپای ڕووسیەی دەرخست" بڵاو بووەتەوە، نووسەر تەرکیز دەخاتە سەر دەستێوەردانی سەربازی ڕووسیە و شەرمەزارکردنی ئەو جۆرە لەشکەرکێشییەی بۆ سەر ئۆکراین.

بەشێك لە دەقی وتارەکە بەم شێوەیە:

سەرکۆماری ڕووسیە، ولادیمیر پووتین ڕۆژی هەینی لە کرێملین لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەفسەرانی سەربازی دیداری کرد تا پێیان ڕابگەیەنێ کە لە تاقیکارییەکانی ئەمدواییانەدا زۆر سەرکەوتووانە کاریان کردووە.

بەپێی وەرگێڕانێك لە هەواڵدەریی ڕووسی، "ریا نوڤۆستی"، پوتین لە ڕێوڕەسمەکەدا گوتی: "ڕووداوەکانی ئەمدواییە لە کریمە تاقیکارییەکی جیددی بوو، باری چۆنایەتیی توانایییە نوێکانی پێرسۆنێلی سەربازیمان و ڕۆحییەی بەرزی ئەخلاقییانی دەرخست."

چاودێران بەم قسانە کەمێك تووشی سەرسووڕمان بوون. لە گەرمەی کیشمەکێش لە کریمەدا، کاتێك پیاوە چەکدارەکان کە لە سەرباز دەچوون بنکە سەربازییەکانی ئۆکراینیان گەمارۆ دا، پووتین ئەو ئیدیعایانەی ڕەد کردەوە کە ئەوە سەربازانی ڕووسی بن لە خاکی ئەو جەزیرەدا. ئەو بەپێچەوانەوە، ئیدیعای کرد کە ئەوانە تەنیا "هێزە بەباشی ئامووزش دیتووە خۆبەرگریکەرەکان"ن کە یونیفۆرمەکانیان لە فرۆشگاکاندا کڕیوە. سەرەڕای ئەوەش، ژمارەیەك لە کارناسان وتیان هێزە سەربازییەکە بەڕاستی زۆر لە سەربازانی ڕووسی دەچوون و تەنانەت ژمارەیەك لەو "هێزە خۆبەرگریکەرانە" فیلمیان لێ هەڵگیراوە کە دەڵێن هێزی سەربازی ڕووسیەن.

کەوابوو، داخوا پووتین ڕاست ئەوەی قبووڵ کرد کە درۆی کردووە؟ بە دڵنیاییەوە سەرکۆماری ڕووسیە ئەو ئیستدلالە دەهێنێتەوە کە مەبەستی پێرسۆنێلی هێزی دەریای ڕەش لە وێستگەی سێڤاستۆپۆل بووە یان ئەوە کە سەربازانی ڕووسیە تەنیا پاش ریفراندۆمی سەرکەوتووانە بۆ پەیوەستبوون بە ڕووسیە، چوونەتە نێو کریمەوە.

هەر کام لەوانە بێت، قسەکردن لە "توانایییە نوێکان" لێرەدا وێناچێ تووڕەیی ڕۆژئاوا کەم بکاتەوە. سەرکۆماری ئۆباما ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو لە وتووێژێك لەگەڵ هەواڵدەریی "سی.بی.ئێس" داوای لە پووتین کرد کە هێزەکانی بگەڕێنێتەوە دەرەوەی سنوورەکانی ئۆکراین."

سەرچاوە:

washingtonpost.com

# گێڕانەوە و دەردی هەرمان

وزەهبەر مەحموودزادە



# "پێنێکس"ی شاراوە کچی سووریەیی و فوودانە ئاشکرا دەکات

**بەشی چوارەم - چیرۆکنووس زێرەڤانێکی تایبەتی‌یە**

نیوسەدە لەمەوبەر کاتێك جەلالی ئالی‌ئەحمەد چیرۆکی "منداڵی خەڵکی" نووسی، قامکی لەسەر پرسێك دانا کە لەوەتەی هەیە لە کۆمەڵگاکان‌دا وەك ڕەنجێکی ئینسانی بووە بە ئوستوورە: منداڵی سەرەڕێ. چیرۆکی "منداڵی خەڵکی" لە زمان ژنێکەوە دەگێڕدرێتەوە؛ ژنێك کە کوڕێژگەیەکی هەیە و ئێستا لە ماڵی مێردی دووەمی ناعیلاجە لە نێوان کوڕەکە و مێردەکەی یەکیان هەڵبژێرێ. دەڵێی لە نێوان دوو بەرداشان‌دا خەریکن دەیهاڕن. وەك ئەوەی ورد بیئەنجنن وایە. ژنە چاری ناچارە دەبێ لایەکی وە لایەکی خاتەوە: یا منداڵەکەی وەخۆ بگرێ یا لە لای میردەکەی دانیشێ. ژنە ساغ دەبێتەوە. کەشخەترین جلکی کوڕەکەی دەبەر دەکا. سەری بۆ دادێنێ. گوێ لە دوایین قسە خۆشەکانی دەگرێ و دوایێ لە جێیەکی وەك نزیك گۆڕەپانێك سەری گرێ دەدا و خۆی لێ دەدزێتەوە و دیارە دەگەڕێتەوە ماڵەوە هەتا لە لای مێردەکەی ژیان بباتە سەر.

گرفتی کۆمەڵایەتیی بەرەڵڵا کردنی منداڵ لەسەر ڕێگا و باس‌وخواسی دەروون‌ناسانە و کۆمەڵناسانەی پێوەندی‌دار بەم گرفتە، تایبەتی کۆمەڵگای ئێران نییە. ئێمە ئەو کوڕێژگەیە لە یەکێك لە جوان‌ترین بەرهەمەکانی چارلی چاپلینیش‌دا دەبینینەوە. کوڕێژگەیەکی بەرەڵڵاکراو کە ئێستا خەریکە هێندێك جار لەگەڵ چارەڕەشییەکانی شووشەبڕێك و جاری واشە بە بێکاری گەورە دەبێ. ڕاچڵەکێنەرە بەڵام چیرۆك نییە.

نیوسەدە لەمەوبەر کاتێك جەلالی ئالی‌ئەحمەد چیرۆکی "منداڵی خەڵکی" دەنووسی نەیدەزانی هەمیشە هەر هەمان کارەسات دەقەومێتەوە. ژنێك منداڵەکەی لەسەر ڕێگا دادەنێ و نامەیێکیشی وەگەڵ دەدا. ئالی‌ئەحمەد نەیدەزانی ئەم نامە تازەیەی خوارەوە لە چیرۆکەکەی خۆی زۆر پوختەتر، ڕاچڵەکێنەرتر و تێکچندراوترە، بەڵام چیرۆك نییە. نامەکە دەخوێنمەوە:

"سڵاو. ماندوو نەبنەوە.

ئەمن مەرجانم، دایکی ئەم کوڕە چکۆڵەیەم. ناوی ئاریایە. ئەمن بێجگە لەوی دوو منداڵی دیکەشم هەیە. لە شوێنێکی دواکەوتوو لە کەرەج دەژیم. لەبیرم نەچێ پێتان بڵێم مێردەکەم بێکارە و ئێمە کرێنشینین. دەرەقەتی خەرجی ئاریا نایێین. دەبێ هەرچی حەوتووە بیبەم بۆ ناوەندێك هەتا لەوێ پێی ڕابگەن بەڵام لە دەستم نایێ.

ئەوانەم نەنووسیوە هەتا وابزانن خەریکم پاکانە بۆ خۆم بکەم بەڵام بەو خودایەی ژوور سەری چ دەرەتانی دیکەم پێ‌شك نەدەهات.

با باسی خووخدەی ئاریاتان بۆ بکەم. منداڵێکی یەکجار لەسەرەخۆ و بەڕوحمە. لەچکەیەکی وێ دەن قەدەر عەیامێك بۆخۆی پێی دەخافڵێ. کەیفی بە گەڕان و سووڕانێ دێ. نێوانی دەگەڵ پیاوان خۆشە. بە شەڕ و هەراهەرایێ ترسی ڕێ‌دەنیشێ. ئەگەر تێر بێ و بنی ئیشك بێ، بۆخۆی دەحاوێتەوە. چاك لە قسان دەگا. کەیفی بەوە دێ پێی هەڵبڵێن. پێی بڵێن زۆر جوانە، چەند ژیکەڵەیە. ئاریا کەسی منە. پێی بڵێن دەبەر چاوانی دەمرم. ئاریا ناتوانێ بڕوا و پێویستی بە فیزیۆتراپی هەیە. بەیانی کە لەخەو هەڵدەستێتەوە ئەگەر بیسکویتی بۆ لە شیر یا لە چایی هەڵێنن چاکی دەخوا. بە خۆشەویستییەوە بیدەنێ. ئاریا نەماوە بۆ یاڕەلماسی سوورکراوە بە سۆسی مایۆنێزەوە. لە خواردنی دۆلدرمە و چیپس و پۆفیلا تێر نابێ. ماکاڕۆنی زۆر پێ خۆشە. کاتێك دەیهەوێ بخەوێ شیری پاستۆریزە لە شووشەدا دەخوا. هەڵبەت هێشتا شووشەکەی بەچاکی بۆ ڕاناگیرێ. لە کاتی شیر خواردن‌دا دوو سێ دەقە جارێك شووشەکە لەزاری دێنێتە دەر و هەناسە دەدا و دیسان بۆ زاری دەباتەوە. چەندی بڵێی شلەمەنی پێ خۆشە؛ وەك شەربەت و ئاومیوە. شەوێ ئەگەر نوست هەتا بەیانی وەخەبەر نایێ. ئەگەریش هەستێتەوە قومەئاوێك دەخواتەوە و هەمیسان بۆی دەنووتەوە. قەراغی لێوی قەڵشیوە. بردمە دکتۆری کوتی لەبەر کەمی‌ی ڤیتامینە. شمەکەکەی هەموو پێیە. هیوادارم لە لای ئێوە بەختەوەر بێ و بحەسێتەوە. با ئەوەش بڵێم ئاریا مۆسیقای زۆر پێ خۆشە.

ناو: ئاریا، لە دایکبووی ١٣٨٣/١٠/٢٠

واکسەنەکانم هەمووی بە وەختی خۆی لێ‌داوە.

فاتمەی زەهرا خێرتان بنووسێ"

بازنەی قەیران

چیرۆکنووس زیرەڤانێکی تاتبەتی‌یە کە واوەی هەر دیاردەیەك پیلانێك بەدی دەکا. ئەگەریش پیلانێك لەگۆڕێ‌دا نەبێ، بۆخۆی سازی دەکا.

وەکوو تاژیی ڕاو یا وەکوو پۆلیسێکی بەشی جینایی چیرۆکەکە لە بازنەی قەیرانەوە بەرەو ئاقارێکی ئینسانی دەباتە پێش هەتا توێژە نەدۆزراوەکانی زەینی بەشەر تیشکیان بخرێتە سەر. وا نییە واقیع هەمیشە سێبەری قەیرانی لەسەر بێ بەڵام چیرۆك لە جەنگە و لە بازنەی قەیران‌دا دەگووڕێ. لە جیهانی واقیع‌دا قەیران بە مانای حاسێ بوون لەسەر دووڕێیانە. بەڵام قەیرانی داستانی زیادتر لە سێ ڕێگا لەبەر پێی نووسەر دادەنێ. بەپێچەوانەی سیاسەتوانان کە هەمیشە لەسەر دووڕێیان‌دا گیریان کردووە، نووسەر پێمان نیشان دەدا بۆ هەر بابەتێك ڕێگای جۆراوجۆر هەیە هەتا بە ڕەچاو کردنیان نەهێڵین چیرۆکیش وەکوو پرسەکانی عادەتی ڕۆژانەئاسا بچێتە پێش.

ئێستا ئەگەر بە نامەی ئەو ژنەدا بچینەوە زۆر شتمان بۆ روون دەبێتەوە. ئەوەی لەم نامەیەدا بە زەقی خۆی دەنوێنێ ئەو ناوەیە کە ژنەکە لە خۆی ناوە: مەرجان.

من لەسەر ئەو بڕوایەم ناوی ئەو ژنە قەت مەرجان نییە و دیسان دەنگێك بە سرتە لە کەلێنێکی زەینمەوە پێم دەڵێ ئەو ژنە دوو منداڵی دیکەی نییە و زۆر وێ‌دەچێ ئاریا منداڵی هەوەڵی بێ. هەروەها وای بۆ دەچم ئەو ژنە هەر بەتەنیا لەبەر گرفتی ئابووری منداڵەکەی لەسەر ڕێگایە دانەناوە. پرسێك لە نامەی ئەو ژنەدا وەکوو چراییێك بەردەوام هەڵدەبێ و دەکوژێتەوە: نەقوستان بوون. بەڵێ منداڵەکە بە جەستە نەقوستانە. بەڵام بڵێی بۆمان نەبێ بیر لەوە بکەینەوە ڕەنگە بابی منداڵەکەش نەقوستانی زەینی یا بۆ نموونە موعتاد بێ؟ لەو نامەیەدا وا هاتووە کە منداڵەکە لە هەراهەرایە دەترسێ. کام هەراهەرا؟ بۆچی دەترسێ؟ باشە لە وێندەرێ چ باسە؟

ئەم نامەیە ڕاچلەکێنەرە. بەڵام چیرۆك نییە. پێم نالێن چی لە چیرۆك کەمە؟ ئەرێ نامەیێك کە ژنێك خۆی تێ‌دا شاردووەتەوە، نامەیێك کە حەشارگەی پیاوێکیشە بە دیمەنێکەوە کە سیمای بێگەردی منداڵێك نەخش دەکا، لەپاڵ یەك دەتوانن ببن بە چیرۆکێك؟ کێ دەتوانێ ئەم کۆمایە بکا بە چیرۆکیك؟

ڕوانینێکی تر

پەنجا ساڵ لەمەو بەر جەلالی ئالی‌ئەحمەد لەو کۆما زانیارییە چیرۆکێکی بەوەجی خولقاندووە و بۆ ئێمەی بە یادگار بەجێ‌هێشتووە. لە بیریشمان بێ پەنجا ساڵ لەمەبەر ئەم چیرۆکە لە چەشنی خۆی دا یەکەم بووە واتە بەرهەمێکی ئۆرجینال بووە. هەڵبەت دوایێ نووسەری دیکەش خۆیان پێوە خەریك کردووە بەڵام هەرگیز نەیانتوانی بەرهەمێك بە جوانی بەرهەمەکەی ئالی‌ئەحمەد بخولقێننەوە.

ئەگەر چاوێك بە دەوروپشتی خۆمان‌دا بگێڕین، بابەتی زۆر بۆ چیرۆك هەڵرژاوە. بەڵام [ پرسیاری گرینگ ئەوەیە] چ بکەین هەتا بتوانین لە چیرۆکەکەی ئالی‌ئەحمەدی تێ‌پەڕێنین و کاتێك باسی ئەم بابەتە دێتە گۆڕێ دەستبەجێ بیرمان بۆلای چیرۆکی "منداڵی خەڵکی" ئالی‌ئەحمەد و "کوڕێژگە"ی چارلی چاپلین پەلکێش نەبێ؟

هەتا خوداحەز دەکا بابەت هەیە هەتا بە شێوەیەکی دیکە بۆیان بڕوانین، بە شێوەیێك ئەو کاتەی هەواڵێك لە ڕۆژنامەدا دەخوێنینەوە، چیرۆکێکی دووەم و سێیەم و چوارەمیش بێتە ناو مێشکمان. ئەرێ ئەوە لە ئەستۆی نووسەی تازەکار نییە هەتا خۆیان بەتاقی بکەنەوە و لە ئالی‌ئەحمەدی تێ‌پەڕێنن؟

نووسەر قازی نییە

خوێنەری بەڕێز! چیرۆکی "منداڵی سەرەڕێ" بە هەر شێوە و پێکهاتەیەکی بتانەوێ چاوەڕێتانە. پێنووسەکەتان وا لەسەر لاپەڕەی سپی دابنێن هەتا چیرۆك هەراتان لێ بکە. نووسەرێك لەو تاقیکارییەدا سەردەکەوێ کە نەبێتە قازی و کەس دادگایی نەکا، بەڵکوو چیرۆکەکەی خۆی بنووسێ؛ بە نەخش کردنی سیمایەکی ورد لە ئاریا و دایکی و باوکێك کە لە پەنایەك‌دا خۆی شاردووەتەوە.

http://www.xewat.blogfa.com/

# بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی کاریکاتۆرەوە

ئا: نسار

وشەی کاریکاتۆر لە ڕەگی ئیتالیایی "کاریکارا" بە مانای پێوەزیادکردن و ناواقیعی و پڕکردنەوەوە هاتووە و هەروەها بە واتایی وێکچوونێکە کە لەودا تایبەتمەندی و ئاکاری تایبەتی بابەت بە شێوەیەکی زێدەڕۆیانە و ناسروشتی دەردەکەون. هەر بۆیە بە پێی ئەم پێناسەیە:" لە هەر شتێکدا زێدەڕۆیی بکرێ، ئەو شتە دەبێتە کاریکاتۆر و کاریکاتۆریست بە زێدەڕۆیی و زەقکردنەوە هەوڵ دەدا بینەر تووشی بیرکردنەوە یان ئەوەیکە لە بینەری خۆیدا پرسیار بخولقێنێ.

کاریکاتۆر بە بەراورد لەگەڵ کەرەستەکانی دیکەی گواستنەوەی پەیام دەتوانێ کۆمەڵێك تایبەتمەندیی دیکەی هەبێ. کەرەستەیەك کە دەتوانێ تەنیا بە پێکهێنانی تەرحێکی ساکار کە بە چەند هێلی سانا درووست دەبێ، زمانێکی کاریگەر بخولقێنێ کە لە هەندێك لایەنەوە بە سەر شێعر و مووسیقا یەکەمایەتی هەیە. کاریکاتۆریست بە کێشانی چەند هێلی ساکار لە سەر کاغەز دەتوانێ جۆرێك کەرەستە بۆ گواستنەوەی پەیامی خۆی هەڵبژێرێ و لە هەمانکاتیشدا جۆرێك کەرەستە بۆ خەبات دژی ناڕاستییەکان لە کۆمەڵگا بەکار بێنێ.

١٨ی خاکەلێوەی هەموو ساڵێکیان بە ڕۆژی جیهانی کاریکاتۆر ناوزەد کردووە و لەم ڕۆژەدا ڕێز لەو کاریکاتۆریستانە دەگیردرێ کە لە ماوەی کار و چالاکیدا توانیویانە خزمەت بە کۆمەڵگاکەیان بکەن و بە ئافراندنی کاریکاتۆر زانیاری بە خەڵك بدەن و پرسیاریان لە نێو توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا پێکهێناوە و گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانیان بە زمانێکی ساکار دەربڕیووە.



یەکێك لەو کاریکاتۆریستانە کە جێی خۆیەتی لەم ڕۆژەدا ڕێزی لێ بگیردرێ و یادی بەرز بنرخێنین پێشمەرگەی کۆچکردوو "ڕئوف خەتیبی"یە کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەی کوردستان و ئاگریدا بە دیزاین وکاریکاتۆرەکانی لە بواری ڕۆژنامەوانیدا خزمەتێکی بەرچاوی کردووە. ڕئوف خەتیبی لە ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی لە گوندی دۆڵە پێسان لە ناوچەی دەشت سەر بە شاری ورمێ لە دایك بووە و بەداخەوە لە سێهەمین ڕۆژی تەمەنیدا دایکی کۆچی دوایی دەکات و بە بێ نازی دایکی گەورە دەبێ. ڕئوف خەتیبی لە ساڵی ١٣٧٩ دێتە ڕیزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە و لە ماوەی پێشمەرگایەتی لە کومسیۆنی چاپەمەنی حیزب لە بواری دیزاین و کاریکاتۆردا خزمەتێکی بەرچاوی کردووە. بەداخەوە لە ساڵی ١٣٨٩ لە ڕووداوێکی تراژیکدا کۆچی دوای کرد.




# پەیامی ڕۆژی جیهانیی تیاتر بۆ ساڵی ٢٠١٤

و: مەهتاب مەعرووفی

یەکێك لە بۆنە هەمیشەییەکانی ڕۆژی جیهانیی تیاتر، بڵاوبوونەوەی پەیامی ساڵانەی ئەم ڕۆژەیە کە هەمو ساڵێك لە لایەن یەکێك لە خاوەنڕا و هونەرمەندانی بواری تیاترەوە دەنووسرێت و پەیامی ئەمساڵیش "بێرت بیلی" هونەرمەندی خەڵکی ئافریقای باشوور پێشکەش کرد.




ئیدوارد ئالبی، ئاگوستۆ بوال، جین کۆکتۆ، ئارتور میلێر و پابلۆ نرۆدا، لەو کەسانە بوون کە پەیامی ڕۆژی جیهانیی تیاتریان نووسیوە. لە ساڵی ٢٠١٠ەوە تا ئێستا بەڕێز "جوودی دێنج"، ئەکتەری بەناوبانگی تیاتر، تەلەویزیۆن و سینەمای بریتانیا، "جێسیکا کاوا"، نووسەر، دەرهێنەر و ئەکتەری تیاتر، "جان مالکویچ" ئەکتەری بەناوبانگی تیاتر، تەلەویزیۆن و سینەمای ئامریکا و "داریو فو"، هەجوبێژی ناسراوی ئیتالیایی براوەی خەڵاتی نۆبێل، پەیامی ڕۆژی جیهانیی تیاتریان پێشکەش کردووە.

پەیامی ئەمساڵیش "بێرت بیلی" نمایشنامەنووس، دیزاینەر و دەرهێنەری خەڵکی ئافریقای باشوور پێشکەشی کردووە.

بێرت بیلی هونەرمەندی ئافریقای باشوور نمایشنامەنووس، دیزاینەر، دەرهێنەر، دیکۆراتۆر و دەرهێنەری هونەریی ڕێوڕەسمی "میوانی جیهانی سێهەم"ە. ناوبراو لە وڵاتانێك وەك ئافریقای باشوور، زیمباوە، ئوگاندا، هاییتی، کۆماری دێموکراتیکی کۆنگۆ، ئینگلستان و هەروەها ئورووپا کۆمەڵێك کاری ئەنجام داوە.

بێرت بیلی لە بەشێك لە پەیامەکەیدا بەم جۆرە دەدوێ: "هەر جێیەك کە کۆمەڵگای مرۆیی بوونی هەیە ڕوحییەی جۆش و خرۆشی بەربەست نەکراو لە نواندندا دەردەکەوێ. لە گوندە چووکەکان لە ژێر دارێکدا، لەسەر شانۆ بە تکنۆلۆژییەکی بەرز، لە پێتەختە نوێیەکانی جیهان، لە ساڵۆنەکانی قوتابخانەکان، لە مەزراکان و شوێنە ئایینییەکان، لە ناوچە هەژارنشینەکان، لە گۆڕەپانەکانی شاردا، ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان و ژێر زەوییەکانی نێو شار، خەڵك بۆ پێکهێنانی پێوەندی نزیکانە لە جیهانێکی فرت و فێڵاوی بانگهێشتی یەکتر دەکەن، جیهانێك کە ئێمە بۆ دەربڕینی ئاڵۆزییەکانی مرۆیی، ڕابواردن و لاوازیی خۆمان لە ژیان و هەناسە کێشان و دەنگهەڵبڕیندا پێکی دێنین.

ئێمە کۆ دەبینەوە تاکوو بگرین و وەبیر بێنینەوە، پێبکەنین و بیربکەینەوە، فێربین و پەسەندی بکەین و وێنا بکەین. کۆ دەبینەوە تاکوو لە تکنیکە فەنییەکان تووشی سەرسووڕمان بین و خوداکان وێنا بکەین.

ئێمە هونەرمەندانێکین کە بە ڕۆحیەی کەونارا کار دەکەین، هەست دەکەین ناچارین ئەو لە نێو دڵەکانمان، ئایدیا و جەستەمان بۆ ئاشکرابوونی ڕاستیەکان لە هەموو ڕازە درەوشاوەکانیان تێبپەڕێنین.

بەڵام لەم سەردەمەدا کە بە دەیان ملیۆن کەس بۆ زیندوومانەوە خەبات دەکەن، لە ژێر گوشاری ڕێژیم و سەرمایەداریی تاڵانکەردان، هەست بە دژایەتی، هەژاریی و بێ توانایی دەکەن، لە تەنیایماندا لە لایەن ناوەندە نهێنی و سیخورییەکانەوە دستدرێژی دەکرێتە سەرمان و ئاخاوتنەکانمان لە لایەن دەوڵەتەکانەوە سانسۆڕ دەکرێن. لە دارستانەکاندا هەموو شتێك لە حاڵی لە نێو چوون دایە.

گەلۆ ئێمە کە هونەرمەندانی شانۆ و تیاترین، بەرتەسك دەبینەوە بۆ داواکارییە عەقلانییەکانی بازاڕ یان شێلگیرانە بە شوێن بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکین کە بتوانین فەزاییەك لە دڵ و زێنەکاندا لەبار بکەین و خەڵك لە دەوری خۆمان کۆبکەینەوە، ئیلهامیان پێ ببەخشین، ئەوان بۆ لای خۆمان ڕاکێشین و زانیارییان پێبدەین و بە ئامێزی کراوەوە جیهانێك لە هیوا و هاریکاری پێك بێنین؟

# پارناس (Parnasse)

پارناس نێوی کێوێکە کە بە پێی ئۆستوورەکانی یونانی کەونارا، ئاپۆلۆن ( ئیلاهەی شێعر) و ٩ خوشکێك کە فریشتەکانی پارێزەری هونەرە جوانەکان بوون لەوێدا ژیانیان دەکرد. نازنازی ئەو هۆگریی و بەریانێکە کە شاعیرانی پارناسی بۆ شێعر بە مانایی هونەری پشتبەستوو بە زات کە هیچ ئامانجێك بێجگە لە کامڵبوون و جوانیی خۆی نیە، پێی ڕازی دەبوون. ئەم ڕێبازە ئەدەبییە لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لە فەرانسە لە بەرامبەر ڕۆمانتیسمی ویکتۆر هۆگۆ ولامارتین و لە دژی دەروونگەرایی و کۆمەڵگادۆستیی هونەری پێکهات.

# هەواڵ

## مایکڵ جاکسۆن پاش پێنج ساڵ لە مردنی ئەلبومێکی بڵاودەکرێتەوە

دوای پێنج ساڵ لە مردنی مایکڵ جاکسۆن شای میوزیکی پاپ، کۆمپانیای ئێپیك ڕیکۆردز ڕایگەیاند، مانگی بانەمەڕ ئەلبومێکی نوێی جاکسۆن بڵاودەکاتەوە کە لە ٨ تراکی نەبیستراوی ئەم هونەرمەندە پێکهاتووە. ئەلبومە نوێیەکە ناوی " XSCAPE " دەبێت کە ئەمەش ناونیشانی یەکێك لە گۆرانییەکانی مایکڵ جاکسۆنە و کۆمپانیاکە دوای گوێگرتن لە هەموو گۆرانییەکانی ئەم هونەرمەندە لە ماوەی چل ساڵی گۆرانیگوتنیدا هەڵیبژاردووە. کۆمپانیاکە ڕاشیگەیاندووە، کە مایکڵ جاکسۆن پێش مردنی ئەم گۆرانیانەی تۆمارکردبوو و ڕۆژی ٢٣ی بانەمەڕی داهاتوو بڵاو دەکرێتەوە. مایکل جاکسۆن لە جۆزەردانی ٢٠٠٩ لە تەمەنی ٥٠ ساڵیدا بەهۆی بەکارهێنانی چەند دەرمانی دژە یەك و لەکاتێکدا خەریکی خۆئامادەکردن بوو بۆ ئەوەی دووبارە بێتەوە نێو دونیای هونەر، گیانی لەدەستدا.

## "دوایین زستان" بەشداری لە فیستیڤاڵی فیلمی میدیاوەیڤی مەجارستان دەکات

فیلمی سینەمایی "دوایین زستان" لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد سالم سەڵەواتی، لە فیستیڤاڵی فیلمی میدیاوەیف نمایش دەکرێت.

ئەم فیلمە سینەماییە کوردییە لە دوایین بەشداری نێونەتەوەیی خۆیدا لە بەشی پێشبڕکێی "شەقامەکان"ی ٢٤ـەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی میدیاوەیڤ لە وڵاتی مەجارستان نمایش دەکرێت.

بە گشتیی لە لایەن سینەماکارانی وڵاتانی جۆراوجۆری دنیاوە، ١٥٠٠ فیلم بۆ بەشداری لە بەشەکانی ئەم فیستیڤاڵە ڕەوانە کرابوون کە لە لایەن ئەندامانی لیژنەی دیاریکردنەوە ٢٣٦ فیلم دەستنیشانکران.

"دوایین زستان" تا ئێستا لە چەندین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم لە ئاستی جیهاندا نمایشکراوە و چەندین خەڵاتیشی بەدەستهێناوە، لەوانە: خەڵاتی فیپرشی لە لایەن ڕەخنەگرانی سینەما لە میانەی ١٠ـەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی قەیسی زێڕین لە شاری ئەیرەوان لە وڵاتی ئەرمەنیستان، خەڵاتی لیژنەی دادوەرانی پێنجەمین خولی فیستیڤاڵی فیلمی بەغداد و خەڵاتی باشترین ئەکتەری ئافرەت بۆ خاتوو ئاسییەی مورادی زەر ئەکتەری سەرەکی فیلمی سینەمایی "دوایین زستان" لە دووەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی دهۆك لە هەرێمی کوردستان.

ئەم فیلمە لە دوایین بەشداری خۆیدا لە بەشی پێشبڕکێی فیلمە یەکەمەکان بە ناونیشانی "ڕوانینی نوێ" لە میانەی ٣٢ـەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی فەجر لە هۆڵی سەرەکی تاوەری میلادی شاری تاران نمایشکرا.




بێ دوان...

درێژەی لاپەڕە ٥

کەشخولقێنیەکی ڕووناکبیرانە و ڕاگەیەنییە. هیچ کام لە کۆڵەکەکانی دەسەڵات، ئەڵبەت دژایەتی یان تەنانەت نیگەرانییەکیان لە پێوەندی لەگەڵ خوێندنی زمانە نەتەوەییەکاندا نییە. بەڵام بەڕێوەبردنی ئەم کارە، پێویستی بە وردەکاریی زۆرە و وردبینی زۆری دەوێت و ڕەنگە هەر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەیکە ئەسڵی ١٥ی یاسای بنەڕەتیی تا ئێستا لەگەڵ دواکەوتندا بەروڕوو بووەتەوە. وڵاتی ئێمەش لەم بوارەدا ئەزموونێکی نووسراوەیی نییە و سروشتییە کە دەبێ بە چارەئەندێشیی و وردبینیەوە بە دوای بکەوین."

ئەوان خوێندن و نوسین بەم زمانانە بە "داواکارییەکی بەرتەسکی ڕوناکبیری و تەنانەت حیزبی" دەزانن، جگە لەمە هەڵەیەکی زەقی دیکە کە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەیدەنەوە ئەمەیە کە دەڵێن " هیچ کام لە کۆڵەکەکانی دەسەڵات، ئەڵبەت دژایەتی یان تەنانەت نیگەرانییەکیان لە پێوەندی لەگەڵ خوێندنی زمانە نەتەوەییەکاندا نییە..." و دەڵێی لە بیریان کردووە کە لە وەڵامی چەن پرسیار پێشووتردا وتبوویان کە " دەمهەوێ نیگەرانی هەندێك کەس کە دەڵێن خوێندن و نوسینی زمانە نەتەوەییەکان، خەسار دەگەیەنێتە زمانی فارسی بڕەوێنمەوە" بە هەر شێوە ئەم پرسە زۆر گرینگ نییە چونکوو دەڵێن " درۆزن کەم زەینە" و ڕاستیان وتووە.

ئەوان لە درێژەدا دەڵێن کە، "بەڵام بەڕێوەبردنی ئەم کارە، پێویستی بە وردەکاریی زۆرە و وردبینی زۆری دەوێت و ڕەنگە هەر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەیکە ئەسڵی ١٥ی یاسای بنەڕەتی تا ئێستا لەگەڵ دواکەوتندا بەروڕوو بووەتەوە. وڵاتی ئێمەش لەم بوارەدا ئەزموونێکی نووسراوەیی نییە و سروشتییە کە دەبێ بە چارەئەندێشیی و وردبینیەوە بە دوای بکەوین."

دەبێ بوترێ کە بەڕێز یوونسی بە هیچ جۆرێك نابێ نیگەرانی ئەم وەدواکەتنە بن چون تا ئێستا لەگەڵ وەدواکەتنێکی سی و چەن ساڵە بەرەوڕوو بووەتەوە و لە بەراورد لەگەڵ مێژووی ئافراندنی زەوی وەك دڵۆپێك لە چاو دەریایە و چونکە وڵاتی بەڕێز یوونسی لەم چوارچێوەیەدا ئەزموونێکی نووسراوەیی نییە و ناکرێ لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە کە ئەم پرسەیان چارەسەر کردووە کەڵك وەرگرن، کە واتە ئەم بەڵگاندنە بێ وێنەیە بەردەوام کارکردی تایبەتی خۆی هەیە و نەتەوەکانی ئێران و ئەڵبەت بە یارمەتیی یاریدەدەری تایبەتی، عەرەبەکان و تورکەکانی بەم بەڵگاندنە ڕازیی کردووە هەر بەم بۆنەیەوە سپاسی بەڕێز یاریدەدەر دەکەن.!

هەواڵنێر دەپرسێ: ئێوە لەسەر ئەو بڕوایەن کە خوێندن و نوسین بە زمانە ناوچەییەکان، داخوازیی سەرەکی نەتەوەکانی ئێران نین. تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەك بەڕێوە چووە کە پیشان بدات یەکەمایەتی نەتەوەکان لە ئێراندا چییە؟ سیاسییە؟ بەڕێوەبەرییە؟ کۆمەڵایەتییە؟ یان فەرهەنگییە؟ ئەوان لە وەڵامدا دەڵێن " بە پێی هەر نەتەوەیەك، داخوازییەکان و یەکەمایەتی داواکارییەکان جیاوازە، لە هەندێ ناوچەدا داخوازیی و یەکەمایەتی سەرەکی سڕینەوەی هەڵاواردنە بۆ وێنە لە نێوان بەلووچەکان و کوردەکاندا" و لە درێژەدا" زیاتر لە نێو ئەوانەی کە سوننی مەزهەبن بەم شێوەیە، ئێمە لەم پرسانە تێدەگەین، هەرچەند بڕوامان وایە کە بەشێکی زۆر لەم هەستە حاڵیی کراوە، بەڵام هەوڵ دەدەین، بەستێنەکانی هەڵاواردن و هەستی هەڵاواردن لەم ناوچانەدا بسڕینەوە." و ئەمەش یانی چارەسەریی کێشەکانی کۆمەڵگا بە مێتۆدی کۆماری ئیسلامی، هەروەك چارەسەریی کێشەی خوێندن و نوسینی زمانە نەتەوەییەکان بە شێوازی بەڕێز یوونسی. لەمەڕ هەڵاواردنیش ئەوان ڕواڵەتی خودی پرسەکە بە تەواوەتی دەسڕنەوە و تا بە ئاسانی چارەسەریی کێشەی خوێندن و نووسینی زمانە ناوچەییەکان، ئەو کێشانەش چارەسەر بکەن و بە شێوەیەك ئەم باسە دێننە ئاراوە کە دەڵێی بەڕێوەبردنی هەڵاواردن لە لایەن حکوومەتی ئیمامی زەمانەوە بەسەر نەتەوەکانی ئێران لە زاری یوونسی (قەومییەتەکان) بوونی نییە بەڵکوو ئەوەی هەیە هەست بە هەڵاواردنە. ڕێك وەك کەسێك کە تووشی جۆرێك نەخۆشی دەروونی دەبێت و بە بێ هیچ هۆیەك ئەم هەستە دەستی پێ دەدا. و جگە لەمەش ئەم هەستە بەشێکی زۆری حاڵیی کراوە، بەم واتایە کە لە لایەن کەسانێکی دیکەوە پێیان حاڵیی کراوە ئەگینا لە بنەڕەتدا وەها کێشەیەك بوونی نییە. و شتێ کە بوونی نییە (هەڵاواردن) ئەوان دیانهەوێ بەستێنەکان و هەستەکانی بسڕنەوە کە ئەمە بۆ خۆی کڵافی سەرلێشێواوییە. بەڵام لە وەڵامی پرسیاری دواتردا کە باس لە " سڕینەوەی بەشخوراویی لە ناوچە نەتەوەییەکانە" ئیشەکەیان سووکتر دەکەنەوە بەم وەڵامە کە " ئەڵبەت من وەك یاریدەدەری تایبەتیی سەرۆك کۆمار لەمەڕ نەتەوەکان و کەمایەتییەکان نە بەرپرسی فێرکاریی زمانە نەتەوەییەکانم و نە بەرپرسی سڕینەوەی بەشخوراوی، ئێمە تەنیا بەدواداچوونی بۆ دەکەین، هەواڵنێر دەسبەجێ پرسیاری لێ دەکات: بەڕێز یوونسی، خۆ ئێوە بەڕێوەبەر نین، سیاسەتدانەریش کە نین. دەڵێن تەنیا بەدواداچوونی بۆ دەکەن. پۆستی ئێوە " یاریدەدەری تایبەتیی"یە. ئەم ناوە بەڕاستی بە چ واتایەکە؟ یانی هەمان ڕاوێژکار؟ و وەڵامەکەی ئەمەیە کە ، "پۆستی یاریدەدەری تایبەتی" پێشتر لە ئێراندا بوونی نەبووە و هەر بۆیە تا ئێستاش پێناسەیەکی ورد و دیاریکراوی نییە. ئێستا بە لوتفی خوداوەند پاش سی و چەن ساڵ کەسێك پەیدا بووە کە ئیشەکەی بەدواداچوونی بەشخوراویی و هەڵاواردنەکانە لە نێو نەتەوەکانی ئێراندا لە ناوەندێکدا کە "هێشتا پێناسەیەکی دیاریکراو و وردی نییە." لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە کاتێ هێشتا پێناسەیەکی دیاریکراو و ورد بوونی نییە، ئێوە بەرپرسی ئەم ناوەندە نارِوونە و نادیارە بە پێی کام پێناسە "بەدواداچوون"ی بۆ دەکەن؟ جگە لەمە بە پێی ئەو بەڵگاندنە بەهێزانە کە لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشوودا خستبوویانە ڕوو و ئاکامی بەدواداچوونەکە ئەمە بوو کە بۆ خوێندن و نوسینی زمانی کەمایەتییەکان داخوازییەکی جیدی بوونی نییە، ئەو هەڵاواردنانەی کە ئەم کەمایەتییانە باسی لێوە دەکەن هەستێکە کە زیاتر پێیان حاڵی کراوە، کەواتە بۆ ئەوە نابێت خۆت ماندوو بکەیت و بەدواداچوونی دووبارەی بۆ بکەی!.

لە وەڵامی پرسیارەکانی دواتریشدا دیسان جۆرێك گاڵتەجاڕی دەبینرێ کە ڕەنگە خودی بەڕێز یوونسی یاریدەدەری تایبەتییش بۆ خۆی لێی حاڵی نەبێ. بەم واتایە کە بە قەولی خۆیان گوتەنی، یاریدەدەری تایبەتی هێشتا پێناسەیەکی دیاریکراو و ڕوونی نییە و ئەرکی بەڕێوەبەریی نییە، یاسادانەر نییە، پۆستەکەی یاریدەدەرە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئیشەکەی گرینگترە لە "وزارەتخانەکان" و جۆرێك "بەرپرسایەتی بەسەر وەزیرەکاندا"یە. لە وەڵامی ئەم پرسیارە کە هەواڵنێرەکە لێی دەپرسێ: " توێژینەوە یان لێکۆڵینەوەیەکی واتان کردووە کە دەربکەوێ لە کوێوە دەبێ ئیشەکەتان دەس پێ بکەن؟ لە کام نەتەوە و کام کێشەکانەوە دەست پێدەکەن؟" دەڵێن: " یەکەمایەتییمان داوە بە پرسە ئایینییەکان. ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەن لە ئێران کێشەی جیدی نەتەوەییمان نییە". بۆمان دەردەکەوێ کە دیسان پەنایان بردووەتەوە بۆ بەر ئەو ڕێگەچارانەی کە ڕێژیم بۆ داخوازییەکانی خەڵك لە پێشی گرتووە و لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا ئەم ڕێگەچارانە هیچکام لە کێشە و ئاستەنگەکانی خەڵکیان چارەسەر نەکردووە. لەوێدا کە دەڵێن: "دەبێ بە وردبینییەکی زۆرەوە پێش بە کێشە ئایینییەکان بگرین و لە سەرهەڵدانی سەلەفیگەری و وەهابیگەری پێشگیریی بکەین و هەر بۆیە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توندئاژۆیی ئایینیمان لە ئەجێندای کاریی خۆماندا داناوە" و لە بەرامبەر ئەم پرسیارەدا کە "گەڵاڵەی دیاریکراوتان بۆ بەرەنگاربوونەوە و کۆنترۆڵکردنی سەلەفیگەری و توندئاژۆیی چییە؟" وەڵام دەدەنەوە کە "بە بڕوای ئێمە باشترین هۆکار لە کۆنترۆڵی سەلەفیگەریدا، کەڵك وەرگرتن لە خودی پێڕەوانی سوننەیە. هەروەك چۆن کوردەکانی ئێران باشترین سەرچاوە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ کێشەکانی کوردستاندا بوون. سوننەکانیش باشترین سەرچاوەن بۆ چارەسەریی پرسگەلێ وەك سەلەفیگەری."

مەبەستی ڕوونی بەڕێز یوونسی لێرەدا بە جاشکردنی گرووپێ لە خەڵکی کوردە کە ئەوانیان چەکدار کرد و بەرەوڕووی چالاکانی مافخوازی کوردیان کردوونەتەوە، واتە کە " لە هەر لایەکەوە بکوژرێ بە قازانجی ئیسلامە."

ئێستاکە کە بڕیارە بەڕێز یاریدەدەری تایبەتی بۆ کێشە و گرفتەکانی کەمایەتییە ئایینییەکان وەڵامدەر بێت بۆ چارەسەریی کێشەکانی پێڕەوانی سوننە ئەم ڕێگەیان دۆزیوەتەوە. خوێنەرانی بەڕێزی ئەم نووسراوە بە باشی بۆیان دەردەکەوێ کە دام و دەزگای یاریدەدەری تایبەتی کە لە لوتفەکانی دەوڵەتی نوێ و بە ناو پارێزکارە بۆ نەتەوەکان و کەمایەتییە ئایینییەکان و ئەم گومانەی لە مێشکی هەندێکدا ساز کرد کە ئەم دەوڵەتە بە شێوەیەکی جیدی لەم کێشانە کە لە کێشە جیدییەکانی وڵاتن تێگەیشتووە و بە پێکهێنانی دامەزراوەیەکی نوێ بونیات، ڕێگەچارەگەلێکی نوێی بۆ سڕینەوە و لابردنی ئەوان هەڵبژاردووە. بەڵام بەداخەوە دەبینین " تەرایی زمکان دەڵانی کانی"، و چاوەڕوانیی نوێگەری و داهێنان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی کێشەکان بە شێوەیەکی شارستانیانە و بە پێی ویست و خواستی خەڵك لەم سیستمە نەزۆك و بەستەڵەکە چاوەڕوانییەکی بێهودەیە. و جگە لە سەرکوت، توندوتیژیی و پێکهێنانی دووبەرەکی کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەردەوام خەریکی بەڕێوەبردن و تاقی کردنەوەی بوون و ئاکامەکەی بارودۆخی هەنووکەیی وڵاتە، هیچ شتێکی دیکە لە مێشك و پلانەکانیاندا ناتوانێ بوونی هەبێت. دیسان لە پشتڕاستکردنەوەی ئەم سیاسەتە و لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا بوونی تەناهیی لە وڵاتدا بە نیشانەی سەرکەوتنی ئەم ڕێگەچارە دەزانێ و دەڵێ : " پێوەری من، ئەمنیەتە. چواردەوری ئێران لە ئاگری ڕقی و قینی ئایینیدا دەسووتێ. بەڵام لە ئێراندا ئەم پرسە لە کەمترین ئاستی خۆیدایە و هەر بۆیە ئەمنیەتی وڵات، پێوەری سەرکەوتنی ڕێژیم لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سەلەفیگەریدایە. کۆماری ئیسلامی توانیویەتی لەباری کۆمەڵایەتییەوە، نەتەوەکان و کەمایەتییەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. ئەڵبەت وردە گوتمانگەلێکیش هەن کە هەندێ جموجۆڵیان هەیە بەڵام هیچکات نەبوون بە ڕەوتێکی زۆرینە." بە پێی ئەم بەڵگاندنە ئەمنیەت لە سێبەری سەرەنێزەدا، ئیعدام و سەرکوتی هۆڤانە، ئایدیالی بەڕێز یوونسییە. چون ڕێژیم بێدەنگیی خەڵکی دەوێت. بێدەنگییەك وەك بێدەنگی گۆڕستان کە خەڵك بە هۆی ترسەوە نەتوانن هەناسە بدەن، وەك ئەو ئارامی و تەناهییەی کە لە کوریای باکوور، کووبا و چین و ... دەیبینین. هەر چەن کۆماری ئیسلامی بە هەموو هەوڵەکانی خۆیەوە لەم پێناوەدا نەیتوانیوە ئەمنیەت بە واتای ڕاستەقینەکەی دابین بکات.

بە شێوەیەکی گشتی قسەکانی بەڕێز یوونسی لەم وتووێژەدا جارێکی دیکە پیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە لەسەر قسەکان و لێدوانە فەرمییەکانی ئەم ڕێژیمە فرە دەمامکە، هەرچەن بە ڕواڵەتیش مزگێنی بەخش بن نابێ متمانە بکرێ، چونکوو سیمای ڕاستەقینەکەی هەمان سەرەڕۆیی، هەڵاواردن، سەرکوت و ستەمە، ڕواڵەتێ کە یاریدەدەری تایبەتیی سەرۆك کۆمار لەم وتووێژەدا بە هەموو هەوڵی خۆیەوە نەیتوانیوە بیشارێتەوە.

هەموو ئەو وەڵام و لێدوانانەی کە بەڕێز یوونسی لەم وتووێژەدا دەریان بڕیوە ئەم ڕاستییە جارێکی دیکە بە شێوەیەکی ئاشکرا باس دەکەنەوە کە لەم ڕێژیمەدا مەحموود سەرۆك کۆمار بێت یان حەسەن یان سبەی کەسێکی دیکە، دەرکە لەسەر هەمان ئاشیلی خۆی دەسووڕێ. بەم واتایە کە ڕێژیم بڕوایەکی بەم داخوازییانە نییە تا لە هەوڵی وەدیهێنانیاندا بێت. هەر بۆیە هەموو وادە و بڕیارەکانی سەردەمی هەڵبژاردن لەم بوارەدا جگە لە فریودان هیچ شتێکی دیکە نییە. با جارێکی دیکە کەسانێك بە هەر ئامانجێکەوە ئەم تۆمەتە لە ڕێژیم نەدەن کە گوایە لە هەوڵی چارەسەریی کێشەکان و داخوازیی نەتەوەکان و کەمایەتییە ئایینی و دینییەکانە، تۆمەتێك کە بە وێژدانەوە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ سیمای پیرۆزی ئەم ڕێژیمەدا نایەتەوە.

هەموو جەختکردنەوەکان لە ئێمەیە.

# کوشتار و ڕەشەکوژی، نەیتوانی هاواری مافخوازانەی کورد کپ بکات

دارا ناتق

دوژمنانی گەلی کورد بە درێژایی مێژوو بە پراکتیزەکردنی سیاسەتی ئاسمیلاسیۆن و بە مێتۆدگەلێکی جۆراوجۆر، هەوڵی تواندنەوە و لە نێو بردنی نەتەوەی کوردیان داوە و هەردەم وەڵامی داخوازە ڕەواکانی گەلی کوردیان بە ئاگر و ڕەشەکوژی داوەتەوە. بە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەرکاری ڕێژیمی مرۆڤ کوژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە کاتێکدا کە سەرجەم نەتەوەکانی ئێران و بەتایبەتی نەتەوەی کورد، خوازیاری پێکهێنانی سیستمێکی دێموکراتیك و گەلی بوون و داوای مافی چارەنووس و بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی وڵات بە بێ هیچ جیاوازییەکی ئێتنیکی و ئایینییان دەکرد، مخابن خومەینی ڕێبەری ئەوکاتی ڕێژیم بە بێ گوێدان بە ویست و خواستە ڕەواکانی خەڵك، فتوای شەڕ بە دژی خەڵکی مافخوازی کوردی ڕاگەیاند و جارێکی دیکە کوشت و کوشتارێکی بێڕەحمانە بە دژی نەتەوەی کورد وەڕێ خست و بە هەزاران خەڵکی بێتاوان بوونە قوربانی و بە سەدان ئازادیخواز و تێکۆشەری نەتەوەکەمان لە سێدارە دران و کۆمەلکوژی و ڕەشەکوژی سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە و شەڕێکی ماڵوێرانکەر بە سەر کوردستاندا سەپا و شار و بە تایبەتی گوندەکانیان قەڵاچۆ کرد و حورمەتی مزگەوتەکانیان شکاند و قورئانیان سوتاند و ڕەحمیان بە ژن و منداڵی ساواش نەکرد.

سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی سەرکوت و داپڵۆسینی بزاڤی نەتەوەیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و هەوڵەکانی ئەم بزاڤە بۆ سەقامگیریی و جێگیر بوونی سیستەمێکی دێموکراتیك و بەدەستهێنانی مافی چارەنووس، لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە کەوتە بەر شاڵاوی قەڵاچۆ کردن و ڕەشەکوژییەوە. بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و بە تاڵانچوونی دەستکەوتەکانی شۆڕش لە لایەن کۆمەلێك ئاخوندی هەلپەرەست و دژە ئازادییەوە، کوردستان کەوتە ڕەوشێکی نالەبار و دۆخێکی شەڕانگیز و خولقاندنی شەرێکی داسەپاو لە لایەن ڕێژیمەوە بە سەر کوردستاندا. ڕێژیم هێرشەکی بەربڵاوی لە شار و گوندەکانی کوردستان دەست پێکرد و بەشێکی بەرچاو لە گوندەکانی کوردستانی وێران کرد. بەتایبەتی هێرش بۆ سەر گوندی قەڵاتانی نەغەدە لە ٦ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی کە وێڕای وێران کردنیئاواییی، ٥٠ کەس لە خەڵکی ئەو گوندەی شەهید کرد. هەروەها ڕۆژێك دواتر و لە ڕۆژی ٧ی خاکەلێوەی هەمان ساڵ، هێرشیان کردە سەر گوندی چەقەڵ مستەفا لە شاری نەغەدە و ٢١ کەس لە خەڵکی ئەو گوندەیان شەهید کرد و گوندەکەیان بە تەواویی وێران کرد. وێران کردن و کوشتاری خەڵکی ئاوایەکانی گێچێ و پیرانجۆغ لە ناوچەی سۆمابرادۆستی شاری ورمێ لە ٣-٤ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، کە بوو بە هۆی کوژرانی ٣٣ کەس لە خەڵکی ئەو دوو ئاواییە. کوژرانی زیاتر لە ٥٠ هەزار کەس لە خەڵکی بێ تاوانی کوردستان و وێران کردنی دەیان گوندی کوردستان بەرهەمی سیاسەتی شەڕخوازانە و ئاسمیلاسیۆنی ڕێژیمەکانی ئێران بوو کە پێیان وابوو بە وێران کردن و ڕەشەکۆژیی خەڵکی کوردستان، تەڤگەری ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد لە ناو دەچێت. بەڵام ئەم سیاسەتە چەپەڵ و دژە مرۆییەی ڕێژیم نە تەنیا نەیتوانی ئیرادەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان لاواز و لە نێو ببات، بەڵکوو کوردستان ئەمڕۆ بۆتە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانێ بە دژی سیاسەتی دژە مرۆییەی ڕێژیم و گەلی مافخوازی کورد هەروەك ڕابردوو بە ئیرادەیەکی بەرز و بەهێزترەوە، لە پێناو دابین کردنی مافە ڕەواکانی خۆیان تێدەکۆشن.



# ئابووری، کولتوور و مودیرییەتی جیهادی

## لە وتووێژ لەگەڵ کەریم پەرویزی

## ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دیمانە: عارف وەڵزی

**دیاردەی دیاری کردنی ناوی ساڵ بە دروشمی بریقەدار بۆ فریودانی بیرورای گشتی لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لەم ساڵانەی دواییدا بەردەوام دووبارە دەبێتەوە. ئابووری، کولتوور، ئیرادەی نەتەویی و مودیرییەتی جیهادی دروشمی ئەمساڵی ئەم ڕێژیمەیە، بۆ قسە و باس و شرۆڤەی زیاتری ئەم مژارە وتووێژێك لەگەڵ بەڕێز کەریم پەرویزی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدکا ڕێك خراوە کە ئەمە دەقی تووویژەکەیە.**

**پرسیار: پێتان وایە ئێستاکە ساڵی "حەماسەی سیاسی و ئابووری" کۆتاییی هاتووە، چ هەنگاوێك ماوە کە ڕێژیم لە بواری ئابووریدا هەڵیبگرێت و ئەو دروشمە چ خزمەتێك بە بارودۆخی ئابووری ئێستای ئێران دەکات؟**

**کەریم پەرویزی:** بابەت و پرسێکی گرینگ لە بواری ناسین و ناساندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، لێ وردبوونەوە لە دروشم و هۆتاڤەکانیەتی. ڕێژیمی ئیسلامی لە سەر ئەساسی تێز و بیرۆکەی ویلایەتی فەقیهی، بەردەوام و لە هەموو بوارەکاندا دروشم و بانگەوازی سەرسووڕهێنەری هەڵگرتووە و لە نێوەرۆکدا، بە تەواوەتی بە پێچەوانەی ئەو دروشم و وادە و بەڵێنیانە، کرداری هەبووە و ڕەفتاری کردووە.

لە سەردەمانی دەسەڵات بە دەستەوە گرتنەوە بگرە هەتا دوایی کە لەگەڵ ڕێژیمی عێراق شەڕی دەکرد و تا قۆناخەکانی دوایی و تاکوو ئێستاش، هەر کات کۆماری ئیسلامی دروشم و هوتاڤی زریقەدار و بریقەداری گەورەتر و ئەستەمتری هەڵگرتبێ، لە ڕاستیدا دەرخەری ناتوانی و لاوازیی نێوخۆیی ڕێژیم بووە. بە واتایەکی دیکە، هەر جار کە تووشی گرفتی گەورە و کۆسپی مەزن بوەتەوە و لە قەیراندا پەلەقاژەی کردووە، دروشمی گەورەتری بەرز کردوەتەوە.

لە سەردەمی شەڕ لەگەڵ ڕێژیمی عێراقدا، هەر کات لە بەرەکانی شەڕدا تووشی شکست دەبوو، هێزێکی زۆری مرۆیی بە فیرۆ دەدا، لە دروشمەکانیدا و بە تایبەت لە وتەکانی نوێژی هەینی و وتاربێژەکانی سەر بە ڕێژیمدا، باسیان لە نیزیکبوونەوەی سەرکەوتن و شەڕ تا ئازادکردنی قودس دەدا.

یان دوو سێ ساڵ پێش کە گەمارۆ ئابوورییەکانی جیهان بە دژی کۆماری ئیسلامی توندتر بوونەوە، هێندێك لە بەرپرسانی ڕێژیم گوتیان کە دەبێ وەکوو حاڵەتی گەمارۆی سەر "شەعبی ئەبی تالب" هەڵسووکەوت بکەین. ئاماژە بەو سەردەمانە دەکرا کە لە سەرەتاکانی مێژووی ئیسلامدا، موسڵمانانی مەککە لە دۆڵێك بە ناوی "شەعبی ئەبی تالیب" گەمارۆی ئابووری دران و چەند ساڵ بە هەژاری و سواڵکەری ژیانیان بە سەر دەبرد.

بەڵام خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم بە تووڕەییەوە باسی کرد کە نە تەنیا لە دۆخی لاواز و گەمارۆدراویدا نین، بەڵکوو لە هەلومەرجی "بەدر" و "خەیبەر" دان کە سەرکەوتنی گەورەیان لە سەرەتای ئیسلامدا تۆمار کردووە. بەڵام هەمووی دوو ساڵی نەبرد کە ڕێژیم بە چۆك دا هات و لە بەرامبەر "شەیتانی گەورە" ملی کەچ کرد و دەرکەوت کە دروشمەکانی وەلی فەقیە تا چەند ڕاستن. ساڵ ١٣٩٢، خامنەیی وەکوو ساڵی حەماسەی سیاسی و ئابووری ناودێری کرد، بەڵام حەماسەکەی لە بواری سیاسیدا ئەوە بوو کە مۆرەیەکی ئەمنییەتی ڕێژیم بکا بە سەرۆك کۆمار و حەماسە ئابووریەکەشی بە ڕێکەوتن لەگەڵ ڕۆژئاوا، نزیك بە پێنج میلیارد دۆلار لە پارەی بلۆك کراوی نەوتی بۆ ئازاد بکەن. دەنا هەموو دروشم و وادە و بەڵێنییەکانیان لە سەردەمی سیناریۆی هەڵبژاردندا بە درۆ دەرچوون و ئێستا هەموویان باس لە دەوارنی دژواری ئابووری دەکەن و هەموو پسپۆڕان ساڵی **١٣٩٣** بە ساڵێکی پڕ دژوار و پڕ هەژاری و پڕ قەیرانی ئابووری بۆ ئێران ناو دەبەن.

ئاکامی هەموو سیاسەت و بەڕێوەبەرییە چەواشەکارییەکانی ڕێژیم لە بواری ئابووریدا، قەیرانی ئابووری، بێکاری لە ڕادەبەدەر، هەژاری بەربڵاو، داخرانی کارگەکان، نەبوونی پارە بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامەی ئامانجدارکردنی سوبسیدەکان و ... بووە و ئاغای ڕووحانی بە ڕاشکاوی باس لە وێرانبوونی ئابووری دەکا. بۆیە ئەو دروشم و ناودێرکردنانەی وەلی فەقیە تەنیا دەرخەری ئەوپەڕی قەیران و داماویی ڕێبەرانی ڕێژیم لە چارەسەر کردنی ئاڵۆزی کێشەکانە.

**پرسیار: بە لە بەرچاوگرتنی گەندەڵی بەربڵاوی نێو دەسەڵاتداران و دام و دەزگاکانی ڕێژیم، چەمکی "مۆدیرییەتی جیهادی" دەتوانی چ جێگاو واتایەکی هەبێت؟**

**کەریم پەرویزی:** ئەوەی کە وەلی فەقیە باس لە مۆدیرییەتی جیهادی دەکا، لە پێش هەموو شتێکدا نیشانەی ئەوەیە کە وەلی فەقیە هەلومەرج و دۆخەکە بە هەلوومەرجی جیهادی دەزانێ. هەلوومەرجی جیهادی لە بواری ئابووریدا، نیشانەی ئەو پەڕی قەیران و ئاڵۆزی و هەڕەشە لە سەر ڕێژییمە کە لەو ڕەهەندەدا ڕێژیم کەوتوەتە شەڕی مان ونەمانەوە.

هەلومەرجی جیهاد، ئەو هەلومەرجەیە کە هێرشێکی بەرفراوان و ماڵوێرانکەر لە سەر سیستم هەبێ کە لە کات و ساتدایە کە سیستمەکە تێکەوەبپێچێ و دابتەپێنێ. ڕێبەری ڕێژیم فەرمانی جەهادی بۆ ڕزگار کردنی سیستم داوە تاکوو لەم کات و ساتەی مەرگ و نەمانی ڕێژیمدا، بە مۆدیرییەتی جیهادی فریای ڕێژیم بکەون و بیپارێزن.

**بەڵام ئایا ڕێبەری ڕێژیم ئەو ڕەواییەی ماوە کە فەرمانی جیهاد بدات؟**

**ئایا بەرپرسانی ڕێژیم، کەسانی دڵسۆز و خۆبەختکەرن کە فریای سیستم دەکەون؟ ئایا ئیمکان و دەرەتانی ئەوەیان لە بەردەستدا هەیە کە سیستمەکەیان ڕزگار بکەن؟**

**کەریم پەرویزی:** وەڵامی ئەو پرسیارانە ئەو کاتە ڕونتر دەبێتەوە کە ئاوڕێك لە ساڵی ڕابردوو بدرێتەوە و ئەو هەواڵانە وەبیر بێنێتەوە کە گەندەڵی و دزی هەزاران میلیاردیی بەرپرسانی ڕێژیم ئیفشا بوون نیزیکانی خامنەیی تێوەگلابوون ڕێبەری ڕێژیم فەرمانی دەدا کە زیاد لە حەد باسی نەکەن، بەڵام هەر ڕۆژە گەندەڵیەکی گەورەیان لێ ئیفشا دەبوو، تا ئەو جێگەی کە هەواڵدەری رویتەرز باسی لە سامانی ١٠٠ میلیارد دۆلاری خامنەیی دەکرد. لە وەها سیستم و هەلومەرجێکدا، فەرمانی جیهادی ئابووری و مۆدیرییەتی جیهادی تەنیا وەك گاڵتەجاڕ دێتە بەرچاو.

**پرسیار: پاش تێپەڕینی ٣ دەیە بە سەر پرۆژەی شۆڕشی فەرهەنگیدا، دیاریکردنی ساڵێك بە ناوی فەرهەنگ لە کۆماری ئیسلامیدا هەڵگری چ و اتایەکە؟**

**کەریم پەرویزی:** لەو ڕۆژەوە کە خومەینی ڕێبەری ڕێژیمی ئیسلامی، دروشمی ئازادیخوازیی خەڵکی گۆڕی و وتی: "کۆماری ئیسلامی" نە یەك وشە کەم و نە یەك وشە زیاد، تاکوو ئێستا ئەمە بە هەموو شێوازێك هەوڵی کۆنترۆڵکردن و دارمانی فەرهەنگی گەلانی ئێران و سەر لە نوێ دارشتنەوەی هزر و ڕفتاری خەڵك و بە شێوازی ئیدئۆلۆژیکی ویلایەتی فەقیە پەروەردە کردنی خەڵکی داوە.

لەو ڕۆژەوە کە هێرشیان کردە سەر ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕاگەیاندنەکان و هەروەها زانستگایان داگیر کرد و شۆڕشی فەرهەنگییان ڕاگەیاند، هەوڵیان داوە کە کۆمەڵگای ئێران بکەن بە کۆمەڵگایەکی دەستەمۆ لە ژێر فەرمانی ڕێبەری ڕێژیمدا.

بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێ، لە پیلانەکەیاندا سەر نەکەوتوون و هەموو ساڵێك و بە هەموو بیانوویەك، هەر باسی فەرهەنگ و بەرخودانی فەرهەنگی و دارشتنەوەی فەرهەنگ و ئەو جۆرە بەرنامەگەلە دەکەن و هەر تێیدا داماون. بە تایبەت لەو بوارەدا زۆر نیگەرانن لەوەی کە خەڵك گوێی لە قسەی بەرپرسانی ڕێژیم نەگرێ و بە دوای شتی دیکە بکەوێ. لەگەڵ وادە و بەڵێنییەکانی ڕووحانیدا هێندێك خەڵك وایان دەزانی کە لانیکەم لە بواری فەرهەنگیدا دەلایەقەیەکیان بۆ دەکرێتەوە، بەڵام خامنەیی هەم مانگێك پێشتر ئولتیماتۆمی دا و وەزیری فەرهەنگی ئاغای ڕووحانی لەبەیکی بۆ وت و لەم دروشم و ناودێر کردنەی ساڵی ٩٣دا، دووبارە ئاماژە بە فەرهەنگ، وەکوو بوارێکی ئەساسی و گرینگ دەکرێ کە لەوێشدا بە دیدگا و ڕوانگەی جیهادییەوە دەچنە پێش و کەس نابێ کیسە بۆ ئەوە هەڵبدووڕێ کە دەلاقەیەکی بچووکی فەرهەنگییان بۆ دەکرێتەوە.!

**پرسیار: دروشمی ئەمساڵی خامنەیی، لە گەڵ سیاسەتی دەرەکی و لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی نەرمشی قارەمانانەدا چ پێوەندییەکی دەبێت؟**

**کەریم پەرویزی:** ئەوەی کە لە ئاستی دەرەکی و لە ئاستی ئابووریدا بە تەواوی داهێزاوە و ویرانی ئەوەندە توند و دژوار ڕووی تێکردووە کە مەترسیی ڕووخانی زیاد کردووە، بۆ هەموو کەسی ڕوون و ئاشکرایە و هەر لە ڕووی ناچاری لەو بوارانەدا بوو کە خامنەیی بە ناوی نەرمشی قارەمانانە، چۆکی بۆ ویستەکانی ڕۆژئاوا دادا و لەگەڵ شەیتانی گەورە پێکهات تاکوو ڕێژیمەکەی لەم قۆناخە دژوارەدا ڕزگار بکا.

لە دیاریکردنی دروشم و ناوی ئەمساڵیشدا، خامنەیی گوتوویە کە بواری ئابووری بۆیان گرینگە و حاڵەتی جیهادیی بە خۆوە گرتووە، چوونکە پارەیان پێ نەداوە تاکوو چەکی پێ بکڕن و بینێرن بۆ بەشار ئەسەد و حیزبوڵڵای لوبنان و پارەی مانگانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی سپا و ئیتلاعاتیان پێ دابین ناکرێ و بۆیە بە مودیرییەتی جیهادی، دەیانەوێ سامانی وڵات بە فیڕو بدەن تاکوو پارەی پرۆژەی تێرۆریستی و ئاژاوەگێڕییەکانیان دەست بکەوێ.

لە بواری فەرهەنگیشدا، توند و تیژی و سەرکوت و سانسۆر زیاتر دەکەنەوە تاکوو بە خەڵك بڵێن کە گەرچی ئەوان لە بەرامبەر ڕۆژئاوادا چۆکیان داداوە بەڵام وەڵامی خەڵکی ئێران بە گوللە و سێدارە دەنەوە.!

## جووت حەوت

### هەوراز

بەپێی دوایین لێکۆڵینەوەکانی عەلی یوونسی، سەرۆکی پێشووی سیخوڕخانەی ئاخوندی و زمانەوان، مافناس و ئاشتی پارێزی نێو توورەکەی تەدبیر و ئومید، دەرکەوتووە کە زمانی کوردی، زمانێکی راستەقینە نییە، بەڵکوو یەکێك لە شێوەزارەکانی فارسییە کە لە لایەن حیWزبەکان، میدیاکان و رووناکبیرانەوە بە زۆرەملی بە سەر خەڵکی کوردستاندا سەپێنراوە و خەڵکیش پێیان خۆش نیە بەو زمانە بخوێنن و بنووسن و تەنانەت لەوانەیە تاڵە قژێکیشیان رازی نەبێت بە کوردی قسە بکەن، بەڵام نەیارانی کۆماری ئیسلامی ناهێڵن و فریویان دەدەن بەوەی کە بەم شێوەزارە شیرینەی زمانی فارسی قسە بکەن.

هەروەها دەڵێ لە ئێراندا هەڵاواردنی ئێتنیکی (یان نەتەوەیی) لە ئارادا نییە، بەڵکوو هەڵاواردنی ئایینی هەیە، ئەوەش لە راستیدا بوونی نییە، بەڵکوو فێر کراون کە وا بیر بکەنەوە کە لە ژێر هەڵاواردنی ئایینیدان، ئێمەش هەوڵ دەدەین خەڵك لەو بیر کردنەوە هەڵەیە دەربێنین.

سەبارەت بە خوێندن بە زمانەکانی عەرەبی و تورکیش دەڵێ: "خەڵك بۆ خۆیان ئەو شتەیان داوا نەکردووە". ئەوەیش ناشارێتەوە کە ئەگەر خەڵکیش بیانهەوێ، بۆ رێژیم بڤەیە و نایانهەوێ خۆیان تووشی ئەو سەر ئێشەیە بکەن.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئەگەر ئەمانە هەمووی هیچی بە هیچە، ئەدی تۆ بۆ چ پۆستێك و چ مەئمووریەتێك دیاری کراوی، دەڵێ جارێ هێشتا خۆمیش بە تەواوی نازانم!!

کەواتە، خۆشی لە خۆتان! جەماعەتی شوێنکەوتووی کڵاوی بابردووی سەوز و شاڵی وەنەوشەیی پڕ لە نارنجۆك. مادەی ١٥و١٩ و زەرفییەتەکانی قانوونی ئەساسی لە کیس مەدەن. بیانکەن بە نووشتە و بیانگرنە مۆم و لە سەر کێلی ئاواتەکانتان هەڵیان واسن. ئەگەر ئەوەش نەکرا، زەڕڕەبین هەڵگرن و لە نێو ئەم وردە شەکرانەی جەنابی راوێژکاردا شتێك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا خۆتانیان پێوە هەڵواسن. پێم وایە زەرفییەتی دێموکراتیکی ئەم قسانە هیچ لە یاسای بنەڕەتی کەمتر نییە، تەنانەت بە ڕاشکاوی ناوی کوردیشی تێدا هاتووە، وەك ئێوە کە ناوی تێکۆشەری کوردتان پێوەیە. گرینگ نیە ناوەڕۆکی قسەکانی ئەو و خولیاکانی ئێوە ئاوی بۆ کورد تێدا نیە، گرینگ ئەوەیە بۆ هەردووکتان نانی تێدایە، ئەویش چ نانێك، شڵپەی دێت لە نێو هەنگوین و ڕۆندا.

راستی، لە بیرتان نەچێت قازانێك دۆخەوای نەزری (یان دانەکوڵانە) بۆ تەندروستیی خۆتان دابەش بکەن، بۆ ئەوەی لە چاوی پیس بە دوور بن و نەزەری لوتفی ئاغا لێتان وەر نەگەڕێت.

# ١٠ی خاکەلێوە
# لووتکەی فیداکاری و خۆبەخت کردن

چەکۆ ئەحمەدی

خەبات و تێکۆشان و لە ئاکامدا سەرهەڵدانی شۆڕشێك راستەوخۆ لەگەڵ شێوازی بیرکردنەوە و هەڵوێستی رێبەرانی ئەو جوڵانەوەدا پێوەندیی هەیە. لە هەموو بزووتنەوە و خەباتەکاندا رێبەر رۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە داهاتووی ئەو شۆڕشە و چۆنیەتیی هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵك و تەنانەت هەڵسوکەوتی ئەو کۆمەڵگایە لەگەڵ دوژمنانی و رێبەر دەتوانێ بە هەڵسوکەوت و هەڵوێستی شیاو داهاتووی ئەو کۆمەڵگا دیاری بکات یان بە کردەی نەشیاو لاپەڕەیەکی رەش لە مێژووی نەتەوەکەیدا تۆمار بکات. ئەوەی لە ئاکامی شۆڕشێکدا دەستەبەر دەبێت یان ئەو ئاستەنگانەی بۆ بەرە و پێش چوون دەبنە بەربەست و لاوازی لەگەڵ خۆی دێنێ، تەنیا ویست و ئیرادەی رێبەری بزوتنەوە نیە، بەڵکوو کۆمەڵێك رووداو و دیاردەی نەخوازراو دێتە سەر رێگای شۆڕشێك کە پێوەندیی راستەوخۆی بە هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچە و تەنانەت جیهانیشەوە هەیە کە بە تایبەت لە سەدەی ٢١دا ئەم راستییە زۆرتر خۆی دەردەخات.

"١٠ی خاکەلێوە"

١- ئەو سەردێڕەیی کە لە ژمارەیەك و چەند پیتێك پێکهاتووە، مێژوویەکی سەربەخۆیە. دەستپێکیی وەرزێکی نوێ لە بەرخۆدانە. رۆژی لە دایکبوونی هەزاران رێبواری رێگای سەربەرزانەیە. ١٠ی خاکەلێوە، تۆماری مێژوویەکی زێرینە لە مرۆڤایەتیدا کە هەموو ئەو بیرۆکانە وا باس لە هەلپەرەستی و بەرژەوەندیخوازیی هەموو رێبەرە سیاسییەکان دەکات، بە ناڕاست نیشان دا.

پێشەوا قازی محەممەد، کە رۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی لە سێدارە درا، رێبەر و سەرکردە و داکۆکیکاری نەتەوەیەك بوو کە هەر لە دەستپێکەوە تا کۆتایی لە رووی پلان و دووربینیەوە هەنگاوی ناوە و بەردەوام دەیزانی کە ئەگەری هەر جۆرە رووداوێکی نەخوازراو لە گۆڕێدایە و سەرەڕای ئەو زانیارییانەی لە سەر نەتەوەکەی و ئاڵۆگۆڕەکانی ناوچەی هەبوو، بە هەموو تواناوە بناغەی دەسەڵاتێکی کوردیی داڕشت کە لە راستیدا لە جۆری خۆیدا تاقانەیە. بیرکردنەوە لە دوارۆژی نەتەوەیەك و وڵاتێك ئەرکی هەموو ئەو رێبەرانەیە کە دەسەڵاتی یەکەمی بەرێوەبەری لە ئەستۆ دەگرن، بەڵام زۆر دەگمەنن ئەو کەسانەی دەکەونە هەلومەرجێکی هەستیاری وەك پێشەوای کوردان و توانای بڕیاری بەجێ و شیاویان هەیە. قازی محەممەد وەك تاکێکی نەتەوەیەك، وەك پێکهێنەری رێبازێك و وەك بەڵێندەرێکی راستەقینە بە نەتەوەیەك و وەك پێبەندێك بە هەموو ئاکارە سەربەستانە مرۆییەکان، پێگەیەکی بۆ خۆی دیاری کرد کە تا هەنووکەش هیچ مرۆڤێکی دیکە نەیتوانیوەوە بەم چەشنە بە بڕیاری بوێرانە لە بارودۆخێکی لەم چەشنەدا پێگەیەکی ئاوا دەستەبەر بکات.



پێشەوا قازی محەممەد لە سەردەمێکدا هەوڵی گۆڕین و دابین کردنی چارەنووسی نەتەوەیەکی دەدا کە لە راستیدا هەستیارترین سەردەمی بواری سیاسەت و ژئوپلۆتیك و کۆمەڵایەتی بوو. قبووڵ کردنی بەرپرسایەتی لەم ئاستەدا و چەند فاکتی مەزنی پێویستە کە دەکرێ کاریزما بوون، بیر تیژی، زاڵبوون بەسەر پرسە سیاسی و ژئوپلۆتیکە کەلانەکان و پێگەی بەرزی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی پێویستە، هەموو ئەو دیکۆمێنتانەی لە بەردەستدان، نیشان دەدەن کە رێبەر و دامەزرێنەری کۆمارێکی دیموکراتیکی لەم شێوە، واتە پێشەوا قازی محەممەد هەموو ئەو فاکتانە و چەندها تایبەتمەندیی دیکەی هەبوو و بە بێ ئەوەی هیچ باجێکی خەسار هێنەر بدات، چووەتە نێو گەمە سیاسییەکان و گرینگتر لەوەش ئەوەیە کە سەربەرزانە لەو مەیدانە هاتووەتە دەر و ئێستاشی لەگەڵدا بێت دەستکەوتەکانی و شێوازەکانی دەستەڵاتداری و سیاسەت کردنی ئەو، رۆژ لە دوای رۆژ وانەی نوێ فێری رێبوارانی دەکات.

ئەو پرسیارەی کە زۆرجار لە مێشکی تاکەکانی کورددا دەنگدانەوەی هەیە ئەوەیە کە بە راستی هۆی ئەوەی کە پێشەوای شەهید وەك زۆرێك لە کەسایەتییە مەزنەکانی جیهانی باسی لێوە ناکرێ لەبەر چیە و ئایا هۆی ئەوە کورد بوون و بێ پشتیوانی و دوور بوون لە بەرژەوندیی بێگانە نەبێ دەتوانی چی دیکە بێ جگە لەوە.

هەموو ئەو پێوەرانە کە وا لە کەسانی وەك ماندێلا و گاندی و مارتین لوتێرگینگ و دالایلامادا ئاماژەیان پێ دەکرێ لە تایبەتمەندیەکانی پێشەوای کوردیش بوون. و لە راستیدا پێشەوا شانبەشانی ئەم بەرزترین کەسایەتییانەی جیهان بووە و هەربویە بڕیارێکی دا کە لانیکەم لە مێژووی هاوچەرخدا تاقانە و دەگمەن بووە. کە واتە جیا لەو هۆکارانەی کە باس کران ئەم چەند خاڵش دەکرێ وەك هۆکاری دەرنەکەوتنی پیشەوا لە ئاستی جیهانیدا هێمای پێ بکرێ. بەرتەسك بوونی ناوچەی جوگرافیایی کۆماری کوردستان، گەمەی جەمسەرەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا واتە بلووکی سوسیالیستی و ئیمپریالیستی، فیلترینگی چڕی دەزگا راگەیەنەکان لە سەر کۆماری کوردستان و یەك نە گرتنەوەی بەرژەوەندی هەردوو جەمسەر لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی کورد بە گشتی. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو ئاستەنگانەی لە سەر رێگای کۆماری کوردستان و رێبەرانی ئەو کۆمارەدا بوون و کەمیی تەمەنی و بەرتەسکیی دەسەڵاتەکەی، هەموو تاکێکی کورد شانازیی پێوە دەکات و وەك یەکێك لە فاکتەرەکانی سەلمێنەری نەتەوە بوون و لێهاتوویی بۆ دەسەڵاتداریی خۆی باس دەکات.

١٠ی خاکەلێوە لووتکەی فیداکاری و خوبەخت کردنی پیشەوای کورد وهاوڕێکانی واتە شەهیدان سەیفی قازی و سەدری قازییە و لەگەڵ هەموو خەم و خەسارەکانی مێژوویەکی دیکەیە لە پرسی نەتەوەیی و درێژەدانی ئەم ریگایە بۆ دابینی بوونی مافی کورد کە پیشەوا گرتبویە بەر.

# ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز هێمای بەرخودان و بەردەوامبوون لە خەبات لە نەورۆزی ئەمساڵی کوردستاندا

کاناو

نەورۆز و ڕێورەسمەکانی نەورۆز لە کوردستانی ئێراندا لە ماوەی تەمەنی دەسەڵاتداری ڕەشی کۆماری ئیسلامیدا سەرەڕای هەموو بەربەستەکانی، هەمیشە دەرفەتێك بووە بۆ دەرخستن و خستنەڕووی شوناسی نەتەوەی کورد و بەردەوامبوون لە خەبات لە پێناو ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەیی و گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی بووە. بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر خۆڕاگری و پێداگریی خەڵکی کوردستان لەسەر ویست و داخوازییەکانیان، دەستەوەستان بووە، دەرفەت بۆ پێکهاتنی ڕێورەسمە جەماوەرییە نەورۆزییەکان لە سەرتاسەری کوردستانی ئێراندا خولْقاوە. هەر بۆیە خەڵکی کوردستانی ئێران بە کۆمەڵێك ئامانج و ئاواتی پڕ لە هیواوە بەرەوپیری نەورۆزی نەتەوەیی و بڕوا بە سەرکەوتن و کردنەبڵقی سەر ئاوی سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ شوبهاندنی بێ هیوایی و تۆز لەسەر نیشتنی خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد، ڕۆیشتن. ئەم ڕاستییە لە نەورۆزی ئەو ساڵدا زۆر بە زەقی و ڕوونی خۆی دەرخست. ڕێورەسمی جێژنی نەورۆز لە شاری و گوندەکانی کوردستانی ئێران لە کاتێکدا بەڕێوەچووە کە هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئەمنیەتی کردنی شار و گوندەکان، هەوڵی تێکدانی ئەو ڕێوڕەسمەیان دەدا، بەڵام ڕێوڕەسمی جێژنی نەورۆز بە پێچەوانەی ویستی کاربەدەستانی ڕێژیم لەو شار و گوند و ناوچە جوراوجورەکانی کوردستاندا بە سەرکەوتنەوە بەڕێوەچوو. ئەمساڵیش خەڵکی کوردستان بەهاوکاری ڕێکخراوە فەرهەنگی و مەدەنییەکان وەکوو ساڵانی ڕابردوو لە کوردستانی ئێراندا نەورۆزێکی نەتەوەیی و درەوشاوەیان بەڕێوەبرد. ڕێوڕەسمی جێژنی نەتەویی نەورۆز لە شار و گوندەکانی کوردستانی ئێران، سەرەڕای داسەپاندنی دۆخێکی ئەمنیەتی لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، بە بەشداری بەرچاوی جەماوەری خەڵکی کوردستان بەڕێوەچوو. خەڵك لە هەموو شار و گوندەکانی کوردستانی ئێران بە هەڵکردنی ئاگر و بە هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەکی بەشداران، بەبێ گوێدان بە دۆخی ئەمنیەتی و هێزەکانی ڕێژیم، جێژنی نەتەوەیی نەورۆزی ٢٧١٤ی کوردیان بەڕێوە برد. خاڵی جێگای سەرنجی نەورۆزی ئەمساڵ، لەلایەك ئەوە بوو کە خەڵکی وەزاڵەهاتوی کوردستان لە بەشێك لە ناوچەکاندا بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و"ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە" هەروەها خوێندنەوەی سروودی شۆڕشگێڕانە، شێعر و پەخشان لەلایەن شاعیران و نووسەرانی لە وەسف و فەلسەفەی نەورۆز و ژیانەوەدا، و لەلایەکی دیکەوە خەڵك و بەتایبەت ڕێکخراوەکانی مەدەنی بە دروشمی "پاراستنی ژینگەی کوردستان"، لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزدا، نوختە وەرچەرخانێك لە مێژووی خەباتی مەدەنیی خەڵکی کوردستانی ئێران بوو. بەڵام ئەوەی لە نەورۆزی ئەمساڵدا دەیبێنین کە لە زۆر بارەوە جیاوازترە لە نەورۆزی ساڵانی پێشوو، دەشکرێ بڵێین هیوابەخشترە، بووژانەوەی و چالاکتربوونەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاری، ژنان، گەشەسەندنی گرووپە شاخەوانییەکان، ڕێکخراوە ژینگە پارێزەکان، ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و فێرگەکانی فێرکردنی زمانی کوردی، بۆ هەر چی بە شکۆتر کردنی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵ یارمەتیدەر بوون. دیارە چالاکانی مەدەنی بە هێنانە گۆڕێی ڕوانگەی پشت بەستن بە یەکیەتیی و یەکگرتوویی جەماوەری لە نیوان خەڵك وخەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی و دێموکراسی، یارمەتیدەری ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵ بوون. واتا چالاکانی مەدەنی بەم ڕوانگەیە گرنگیی بە لێکبەستڕانی خەباتی تێکۆشەرانی شاخ و شار لە نێوخۆی وڵات دەدەن. ئەوان پێیان وایە کورد لە کوردستانی ئێران کاتێك دەتوانێ ببێتە هێزی گوشار بۆ سەر دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە بتوانێ لە بەستێنە جۆراوجۆرەکاندا هێزی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردستان بجوڵێنێ. سەرەکیترین ڕێگاش بۆ ئەم مەبەستە یارمەتیکردن و بەستێن خۆشکردن بۆ لیك نزیك کردنەوەی تێکۆشەرانی شاخ لەگەڵ چالاکانی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات دایە. بۆیە لەو ڕوانگەیەوە پشتیوانی لە چالاکانی سیاسی، مەدەنی و فەرهەنگیی نێوخۆی وڵات، لەلایەن تێکۆشەرانی دوور لە وڵات، کە دەتوانن بە تێچوویەکی کەمترەوە کار بکەن و لە دەرفەتەکان بە باشترین شێوەکەڵك وەرگرن و دەسەڵاتدارانی ڕێژیم ناچار بە پاشەکشە بکەن. لەم پێوەندییەدا خاڵێکی دیکەی جێگای سەرنج، ڕۆڵی پۆزتیڤی میدیای کوردیی ئۆپۆزیسیون، بە تایبەت تیشك تی ڤی، لە هەرچی بە شکۆتر کردنی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز و بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ بووژانەوە و چالاکتر کردنەوەی چالاکانی مەدەنی و ڕووماڵکردنی چالاکییەکانیاندا ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە. هەروەها ئەگەرچی بەشێك لە چالاکانی مەدەنی و فەرهەنگیی لە ئاکامی سەرکوتی کۆماری ئیسلامیدا تووشی بەندیخانە و یان هەڵبژاردنی ژیان لە تاراوگە بوون، بەڵام ئەورۆ دەبینێن خەڵکی کوردستانی ئێران و بەتایبەت لاوان وەك بەرەی نوێ بە هێز و پوتانسیەلێکی زیاترەوە دەیانەویت بە کەڵکوەرگرتن لە مێژووی پڕ لە سەروەری خەباتی میللی — دێموکراتیکی گەلی کورد و ئەزموونەکانی خەباتی مەدەنی و سوودوەرگرتن لە دەرفەتەکان درێژە بە تێکۆشانی خۆیان لە نێوخۆی وڵات بدەن. لەم پێوەندییەدا خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە دەبێنین کە خەڵکی کوردستان و تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری دوای ئەو هەموو زیانەی بە هۆی دەزگای سەرکوتەوە لێی کەوتوە و سەرەڕای درێژەی گوشاری هێزە ئەمنیەتییەکان دیسان بە وزە و توانای بەرەیەکی نوێ لە لاوان و بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی خەباتی پڕ لە شانازی و خوێناویی نەتەوەکەیان و چالاکانی خاوەن ئەزموونی بوارە جۆراوجۆرەکان، خەبات و تێکۆشان هەر بەردەوامە. هەر بۆیە بەدڵنیاییەوە ئەو بەرەوپێشچوونەی خەباتی نەتەوایەتیی لە کوردستان، بەرهەمی مێژووی خەباتی خوێناوی نەتەوەی کوردە لە قوناغە جوراوجورەکانی ئەو خەباتەدا. بە خوشییەوە ڕێورەسمەکانی جیژنی نەورۆز، خەڵکی کوردستان و چالاکانی سیاسی و مەدەنیی زیاتر لە جاران لێك نزیك کردۆتەوە. هەر بۆیە ڕێوڕەسمە جەماوەرییەکانی نەورۆزی ئەمساڵ، ئەم سیگناڵەی بە گوێی دەسەڵاتداران ڕێژیم گەیاندوە کە ناکرێ چی دیکە داخوازە ڕەواکانی نەتەوەی کورد پشت گوێ بخەن. بێگومان خەڵکی کوردستان بە بەڕێوەبردنی جەماوەریی جیژنی نەتەوەی نەورۆز توانیویانە هەم جێ‌پەنجەیان لە بەڕێوەبردنی بەکۆمەڵ لەو ڕێوڕەسمانەدا دیار بێ و هەم لەوەش گرینگتر توانیویانە بەپێی توانای خۆیان فەرهەنگی یەکیەتی و یەکگرتویی و جەماوەری پەرە پێبدەن. هەر بویە بەڕێوەبردنی جیژنی نەوورۆز بەم شێوەیەن نێشانەی گەشەی فەرهەنگی و کاری بەکۆمەڵ لە کوردستانە. ئەم دەسکەوتە بێگومان بەرهەمی تێکۆشانی دەیان ساڵەی خەباتگێڕانی ڕێگای ڕزگاری و شەهیدانی ڕێگاری ڕزگاری کوردستانە، کە لەم ساڵانەی دواییدا خەڵکی کوردستانی ئێران توانیویانە، سەرەڕای فشاری هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم جیژنی نەتەوەیی نەورۆز، جەماوەری و بەکۆمەڵ بەڕێوەببەن. هیواداریین ئەم حەرەکەتە جەماوەرییانەی خەڵك ببێتە دەسپێك و هەنگاوێك بۆ هەرچی بە شکۆتر بەڕێوەبردنی بۆنە نەتەوەییەکان لە کوردستانی ئێراندا.

# ئیسلامخوازانی دوای مەشرووتە لە ئێران

ن: پەرویز جەباری
و: حاجی ئاوە

**بەشی حەوتەم و کۆتایی**

ئەم بەرە بەربڵاوە لە دژی بیرۆکە مودێڕن و دێموکراتیکەکان لە ئێراندا، بە شێوەی یەکیەتی و هاوڕێیەتێکی تۆمارنەکراو لە کۆمەڵگادا کاری دەکرد. لە سەرچاوەی ئابووری، مادی و مەعنەویی جۆراوجۆر لە نێو دەزگای دەسەڵات و دامەزراوە ئایینیەکان کەڵکی وەردەگرت. ئەم یارمەتی و ئاسانکاری و ئیمکاناتە ئابووریی و دەوڵەتییانە لە تەنیشت سەرچاوەی داهاتەکانی بازاڕ، مزگەوتەکان، هەئیەتە ئایینیەکان و هەروەها یارمەتییە دەوڵەتییەکان کە بە جۆرێك چینی نیوەنجی ئایینی لە خۆ دەگرت، هێز و توانایییەکی تایبەتی بۆ کارە تەبلیغاتی، فێرکاری و بڵاوکراوە ئیسلامییەکان پێکدەهێنا.

لە حاڵێکدا کە، سیاسەت و بەرنامەی بەربڵاوی تەبلیغاتی گەڕانەوە بۆ" ئێرانی کەونارا و نیشانە کەوناراکانی پاشایەتی" لە لایەن سیستمی پاشایەتی و دەربار بە شێوەیەکی بەربڵاو پشتیوانی لێ دەکرا، ئەوان بە کردەوە بە شێوەیەکی ڕق ئەستوورانە لەگەڵ شوناسە نەتەوەییەکانی دیکە هەڵسووکەوتیان دەکرد. لە لایەن ناسیونالیزمی نەتەوەیی حاکم و " سیاسەتی یەك وڵات و یەك زمان" بە شێوازی ڕەزاشایی، ئەم سیاسەت و پلانەی لە نێوبردنی نەتەوەکان و زمانەکان کە سامان و ناوە ندی بەربەرەکانێ و قەبارەیەك بۆ مەشرووتەخوازی و پێشکەوتنی ئێران بوون، ئەنجام دەدرا. هاوکات لەگەڵ ئەم سیاسەتەی حکوومەت و دەربار، ئایینیەکان بەرنامەی ئارمانی ئیسلامخوازیی لە چوارچێوەی" گەڕانەوە بۆ ئیسلام"،"ئومەتی ئیسلامی "و ڕەتکردنەوەی شوناسەکانی دیکەیان کردبووە بەرنامەی کاری خۆیان. ئەم دوو هێزە بە نێوەرۆك، ئامانج و سیاسەتی جیاواز و نابەرابەر، بەڵام لە کردەوە و بۆ گەیشتن بە ئاکامێك لە یەك ئاراستە هەنگاویان هەڵدەگرت. ئەوان لە ئیدلۆژی، شێوازی سیاسی، هەڵسووکەوتی سیاسی لە تیۆریی و کردەوە، ڕێگەی دژایەتی لەگەڵ ڕۆژئاوا و بەربەرەکانێ لەگەڵ عەقلانیەتی سیاسی، کۆمەڵگای مەدەنی، مودێڕنیتە، ئازادی، کەرامەتی مرۆیی و هەروەها لە بەر چاونەگرتنی بۆچوون، نەتەوە، شوناس و کولتوورەکانی دیکەیان گرتەبەر. زێدەڕۆیی لە کردەوە و تیۆرییدا لە لایەن هەر دوو گرووپەوە لە ئێراندا زۆرتر لە هەر شتێك بوو بە هۆی لە پەراوێزخستن، گۆشەگیربوون و بێبەشیی هزری دێموکراتیك، غەیرە ئایینی، سیکولار و ئازادیخواز لە کۆمەڵگای سیاسی و کۆمەڵایەتی. بەرهەم و ئاکامی فیکری و سیاسیی ئەم ڕەوتە لە کۆمەڵگا، ئێرانگەرایی توندئاژۆ و ئۆتۆپیایی ئیسلامی بوو، هۆکارێك کە فەزایی چالاکی و بەشداری بۆ کەسانی دیکە نالەبار کردبوو. شا لە لووتکەی دەسەڵاتداریەتیی سیستمی پاشایەتی و شرۆڤەکارانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم دەسەڵاتە بە پێکۆڵ کێشانی شارستانیەتی ڕۆژئاوا و مودێڕنیتەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی، بڕوایان بە دێموکراتیك بوونی خۆیان، مافی مرۆڤ بوونی پاشایەتی لە مێژووی ئێران، دامەزرێنەری دێموکراسی، مافی مرۆڤ و پێشکەوتوو بوونی مێژوو و کولتووری ئێران و ژیاری بەڕابردووی ئەو بوو. ئەم بانگەشانە بە زمانێکی دیکە و بە شێوەگەلی دیکە، بەڵام لە کۆتاییدا زۆر ئۆتۆپیایی لە دەسپێکداو دواتر بە شێوەی ئیدۆلۆژیك لە لایەن ئیسلامخوازەکان بە حاڵەتێکی زۆر توندئاژۆیانە، فاشیستی و هێرشبەرانە لە هەوڵی ڕەتکردنەوەی شارستانیەتی ڕۆژئاوا و نیشانە جۆراوجۆرەکانی ئەو هاتەبەرباس و درێژەی کێشا. هەر ئەم سیاسەتە هاوبەشە، بە دوو خاڵی ڕێکەوتنی جیاواز، بەڵام بە ئامانجی هاوبەش لە لایەن ئیسلامخوازان بە لایەنگەلی جیاواز و هەروەها ئێرانگەرایانی توندئاژۆ، سیستمی پاشایەتی و شوێنیسم لە هەر دوو بوارەوە بە شێوەی جیددی درێژەی کێشا. ئاکامی ئەم سیاسەت و شێوازی حکوومەت کردنە بوو بە هۆی داخرانی فەزایی سیاسی، چالاکی کۆمەڵایەتی، کولتووری و لە ئاکامدا کپ بوونی دۆخی سیاسیی کۆمەڵگای ئێران. خوێندنەوەی زۆر بیرتەسکانە و داخراو لە ئیدولۆژی پاشایەتی ئێرانی کەونارا بووە هۆی ئەوەی شوناسی نوێی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگا کەوێتە بەر مەترسییەکی بنەڕەتییەوە. ئەم گوتمانە بە پێداگرتنەوە لە سەر توخمی شوناسی ئێرانی و بەربەرەکانێ لەگەڵ بیرۆکەی سیاسی، فرە حیزبی، دێموکراسی، فەلسەفەی حاکمیەتی بیرۆکەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خەڵك لە سەر چارەنووسی خۆیان و ئیرادە بۆ گۆڕانکاری، بە شێوەی بنەڕەتی لەبەر چاو نەگیرا. بەشێکی دیکەی لە ساوێری دوژمنی و دژایەتی لەگەڵ مودێڕنیتە و هزری مەشرووتە لە لایەن گوتمانی ئیسلامخوازەکان لە چوارچێوەی، "گەڕانەوە بۆ خوود"، دەسەڵاتداری بۆ خودایە، دەسەڵاتداری یاساکانی شەریعە بەدواچوونی بۆ دەکرا. ئەم ساوێرە گوتمانیانە، بە یەك ڕادە لە بەرامبەر ڕۆژئاوا و ڕۆژئاواگەرایی یان بە واتای ئیسلامخوازیی، بە ڕۆژئاوایی بوونی کولتوور بەرەوڕوو بوونەوە. ئەم دۆخە بوو بە هۆی ئەوەیکە لە فەزا فێرکاری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئایینیەکان لە زانکۆ، قوتابخانە و ناوەندییە فێرکارییەکاندا، بۆ ئایینییەکان فەزایەکی کراوە و هەڵکەوتێکی گۆنجاو بۆ چالاکییەکان بڕەخسێ. کردنەوەی مزگەوت، چاپەمەنیی ئایینییەکان، دامەزراندنی قوتابخانەی ئایینی، ئەنجوومەنە ئیسلامییەکان لە زانکۆکان، خۆی بەستێنێك بۆ ڕاکێشانی ئیسلامخوازانی لاو و ڕێکخستنەوەی هێزەکان و گوتمانی ئایینی و ئەندامگیری، فێرکاریی و ڕێکخستن لە بەرامبەر هێزە سیکولارە و پێشکەوتووەکان لە کۆمەڵگایی بە دواوە بوو. ئەم بارودۆخە تا ساڵەکانی نزیکبوونەوە لە ئینقلابی ٥٧ی خەڵکی ئێران بەردەوام بوو. هێزە ئایینیەکان بە لاگیرە جۆراوجۆرەکانیان بە شێوەی پرشوبڵاو لە بازاڕ، زانکۆ، قوتابخانە، ناوەندە دەوڵەتییەکان و هەروەها لە نێو هێزە سەربازییەکاندا بڵاو ببوونەوە و هەر ئەو بیرۆکە، بیرکردنەوە، بیروباوەڕ و ئامانجەیان بوو کە لە هەناوی گوتمانی شەریعەخوازی شێخ فەزلوڵڵا و کەسانی دیکە، بۆ ئیسلام و دژایەتی لەگەڵ ئازادی هەبوو. هەرچەند کە ئەم ئیسلامخوازییە سیاسییە خۆی لە ڕووخسار و گوتمانگەلێك وەکوو نێهزەتی ئازادی، مزگەوتی هیدایەت( بازنەی تاڵەقانی)، حوسێنییەی ئێرشاد( شەریعەتی، موتەهەری)، ڕێکخراوی موجاهدینی خەلق، ڕێکخراوەکانی" ئیسلامخوازیی فیقهی جیابووەوە" لە ڕێکخراوی موجاهدینی خەلق پاش ساڵی ٥٤، ئیسلامخوازانی چریکی ڕاهێنراوی نزیك لە بزووتنەوەی ئەمەل لە لوبنان، سووریە و لیبی، هەئیەتی موتلێفەی ئیسلامی و بازاڕ، خومینی و هاوڕێیانی ڕووحانی ئەو، حەوزە، نوێنەرانی فقهی سوننەتی شێعە و هتد پێناسەیان دەکرد.

لەم هەڵومەرج و بارودۆخە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەی ئێراندا، لاگیرە ئایینی و دینییەکان بە جۆرێك لە چوارچێوەی ئیسلامی ئیدۆلۆژیك، ئیسلامی فیقاهەتی و ئیسلامی ڕزگاریدەر، ئیسلامیان وەك بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی پێشکەشی کۆمەڵگا و فەزای سیاسیی ئەو کرا. ئەوان دەسیانکرد بە هەڵێنجانی نەتەوەیی، زانستی، سیاسی، خەباتکاری، چینایەتی، فیقهی و ئۆتۆپیایی لە دینی ئیسلام.

ئەم بارودۆخە ڕێکەوت بوو لەگەڵ سەردەمێك کە شا سیاسەتێکی نرمی لە چوارچێوەی ئایین گرتبووەبەر. شا بە دوای هاوکاریی ئایتوڵڵا کاشانی لەگەڵ کودتاچیان لە دژی موسەدیّق، زۆرترین دژبەرانی خۆی لە نێو سیکولارخوازەکان، کۆمەڵگای دێموکراتیك و ئازادیخوازانی سیاسی و پەیڕەوانی بیرۆکە و یاسایی مەشرووتە دەدی تاکوو ئایینیەکان. هەر لە سەر ئەم بنەماییە کە ئایینیەکان لە زانکۆ، فێرکاریی لە ئاستی کۆمەڵگا و بەدواداچوونی کاروباری ئایینی ـ سیاسیی خۆیان، ئازادییەکی زۆرتریان هەبوو. کۆی ئەم ڕەوتە ئایینی ـ سیاسییانە لەگەڵ بەشێك لە لێکدانەوەکانی خۆیان لە گوتمانی چەپ لە ئێراندا، ڕێگەی خەبات و ڕووخانی ڕێژیمی پەهلەویان لە هاوڕێیەتی و یەکگرتوویی سیاسی ـ بەڕێوەبەری لەگەڵ ئایینیەکان و ڕووحانییەکان دەزانی. زۆریەك لە هێزەکانی چەپ لە خەباتی خۆیاندا لە سەر بنەمای خەباتێکی مارکسیستی و سوسیالیستی خۆیان پەیڕەو یان درێژەدەری ڕێگەی ڕاپەرینی ئیمام حوسێن لە کەربەلا دەزانی. خوسرەو گولسورخی لە بەرگرییە ڕۆمانتیکەکانی خۆیدا، بەرگری لە توخمی خەباتی ڕزگاریدەری دین کە ناتوانێ لە ئارمانجە کومۆنیستیەکانی ئەوان دوور بێ دەکا. ئەو خۆی بە خەباتکارێکی پەیڕەوی "مەولای موتەقییان عەلی" دەزانێ. بە جۆرێك دەتوانرێ بگوترێ: جۆرێك نزیکی و لە خۆگرتنی خەباتکاری لە نێوان هێزە چەپ و ئایینیەکان، هەڵبەت بەشێك لە هێزە چەپەکان ڕوو دەدا. ڕوانگە تێکهەڵکێشانەی شەریعەتی و ڕوانینی و سیاسییە کەرەستەییەکانی جەلالی ئالی ئەحمەد لە ئایین لە دژی ڕۆژئاوا کاریگەریەکی هەتاهەتایی لە سەر پەیرەوە جۆراوجۆرەکانی ئەو لە نێو نەوەی نوێ و خوێندکاراندا درووست کرد. هەر کام لەم گوتمانە ئایینی ـ چەپی ئایینی ـ ئایینی ئیدۆلۆژیك و ئینقلابی لە دژایەتییان لەگەڵ بنەڕەت و بنچینە و چیەتی لەگەڵ توخمە سەرەکییەکان و گوتمانی مەشرووتەیان هەبوو. ئەوان بە هۆی نێوەرۆکی ئایینی ـ چەپی ئینقلابی و خەباتی خۆیان ڕۆژئاوایان بە جۆرێك دوژمن و هۆکاری بەردەوامی سیستمی سەرەڕۆ و ڕێژیمی بەستراوەی پەهلەوی دەزانی. ئەم هۆکارانە بەس بوون تاکوو ئەوان بەم گوتمانە لەبەیك بڵێن کە لاساییکردنەوەی ڕۆژئاوایان بە جنێوێکی سیاسی دەزانی تا ئەو جێگەیە کە ئەویان بە ئاکامی بەستراوەیی دەزانی. ڕۆژئاواگەراییان لۆمە دەکرد و گەڕانەوە بۆ خوود، گەڕانەوە بۆ ئیسلام و گەڕانەوە بۆ سوننەتیان بە باڵادەستی و بەها، بۆ خۆیان پێناسە دەکرد. ئەم گوتمانە بوو بە ئارمانی سیاسی ـ خەباتیی ئەوان، هەموو هەوڵ و پروپاگەندەی خۆیان لە سەر ئەم بنەمایە چێ دەکەن. هەر کام لە نوێنەرانی ئەم گوتمانە لە نێو ئایینی و غەیرە ئایینییەکاندا بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵیان دەدا کە بەرنامە کۆمەڵایەتی ـ سیاسییەکانی کولتووری سیکولاری ڕێژیمی پەهلەوی بە پێکۆڵ بکێشن.

بێگومان لەم نێوەدا، زۆربەی ئایینییە چالاکەکان، ئەمجار بە پێچەوانەی سەردەمی مەشرووتە لە نێو ڕووحانییەکان و زانا ئایینیەکان نەبوون، بەڵکوو بەشێکی مەزن لە نوێنەرانی ئەم ئیسلامە ئیدۆلۆژیکە بە خوێندنەوەی جۆراوجۆر لە نێو ئیسلامخوازانی غەیرە ڕووحانیدا بوون. لە نێو ئەم گرووپە جۆراوجۆرە فیکری، ئایینی و سیاسییانەدا کە ئیسلامیان لە بەرامبەر ئارمانە دێموکراتیك، سیکولار، ئازادیخوازدا دادپەروەریگەریی مەشرووتەیان هێنایە بەرباس، دەکرێ هێما بۆ ئایینییە غەیرە ڕووحانییەکان بکەین.

لە نێو لیبراڵ ـ ئایینییەکانی نێهزەتی ئازادی و خودی بازەرگان و هاوڕێیانی بگرە تاکوو ڕادیکاڵترین ئیسلامخوازانی ڕووحانی بە جەخت کردن لە سەر ئیسلامی فیقاهەتی و تیۆریی ویلایەتی فەقیە کە ئایتوڵڵا خومینی داهێنەری ئەو بۆ بیاڤی سیاسەت لە ئێرانی هاوچەرخدا بوو، جێ پێی ئەوان لە پێکهێنانی سیستمی دینی و ئایینی لە ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە ئیسلامی سیاسی بە روونی دەبینرێ.

ئەم بەرە بەربڵاوە ئایینیە، ئیسلامخوازانی ڕووحانی و غەیرە ڕووحانی بوون کە دەکەوتنە ژێر کاریگەریی کەسایەتیی کاریزماتیکی خومینیەوە و لە سەر بنەمای گوتمانەکانی چەپی ئایینی، دژە ئیمپریالیست، ئیسلامی خەباتکار، کۆمەڵگایی دوور لە چینایەتی، کۆماری ئیسلامی، حکوومەتی ئیسلامی و... بۆ جارێکی دیکە مەشرووتییەت، ئارمانەکان، نوێنەران و شوێنکەوتوانی هزری، سیاسی، کۆمەڵایەتییەکان و حیزبی ئەویان سەرکوت و دەیانسڕییەوە و بەرەو پەراوێزیان دەبرد.

لەم قوناخەدا ئیسلامی فیقاهەتی وەك تیۆرییەکی گشتیی سیاسی، توخم و وردە گوتمانگەلی ئایینی لەگەڵ لاگیریەکانی لیبراڵ تاکوو چەپی ڕادیکاڵی لەگەڵ خۆی هاوڕا کرد. ئەم گوتمانە لە سەر بنەمای تیۆرییەکی سیاسی ـ ئایینی لە دڵی وڵایەتی موتلەقەی فەقیە کە خۆی بە میراتگری شێخ فەزلوڵڵا نووری دەزانی بە بەرنامە و ڕێنوێنی کەرەستەکانی پرۆپاگەندە، ئابووری، تەناهی، سەربازی، سیاسی و کولتووری دەپڕژێنە سەر تۆڵەسەندنەوە لە ئارمانەکانی مەشرووتییەت، شوێنکەوتوان و باوەڕمەندەکانیان.

خومینی هەر لە سەرەتاوە ڕووناکبیرانی سیکولار و پێشەنگی، بە دوژمنی سەرەکی و یەکەمی سیستمی دینی و ئایینی دەزانی. ئەو لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە مەشرووتییەت و نێوەرۆکەکەی لە بەرنامەکانیدا، دوژمنانی سەرەکی و بنەڕەتی ئایین و دینی ئیسلامن. بۆیە خومینی و هاوڕیانی بە بەرنامە و ئامانج و لە سەر بنەمای هەوڵێکی هاوئاهەنگ و یەکگرتوو، ڕووناکبیران و بڕوامەندان بە مەشرووتەیان لە تۆڵەی لە سێدارەدانی شێخ فەزلوڵڵادا لە سێدارە دا ئەم دوژمنکارییەیان بێ کۆتایی دەزانێ.



# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 626 ▪ 5 Apr 2014

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr














